# بیبلیۆگرافیای

# کتێبی کوردی

## بەرگی یەکەم: مێژوو و جوگرافیا
(کتێبی ساڵانی ١٩٢٥- ٢٠١٠)

ئامادەکردن: بوار نوورەدین
پێشەکی: د.حوسامەددین عەلی غالیب نەقشبەندی

هەولێر - ٢٠١٤

بیبلیۆگرافیای

# کتێبی کوردی

بەرگی یەکەم: مێژوو و جوگرافیا

(کتێبی ساڵانی ١٩٢٥- ٢٠١٠)

# بیبلیۆگرافیای
# کتێبی کوردی

**بەرگی یەکەم: مێژوو و جوگرافیا**
**(کتێبی ساڵانی ١٩٢٥- ٢٠١٠)**

**(مێژوو لە سەرەتاوە تا یەکەم جەنگی جیهانی:**
**پێش زایین، زایین، ئیسلام، نوێ «شارستانێتییەکان، میرنشین،**
**شوێنەوار، کەسایەتی»)**

**ئامادەکردن: بوار نوورەدین**
**پێشەکی: د.حوسامەددین عەلی غالیب نەقشبەندی**

هەولێر– ٢٠١٤

ناوی کتێب: بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی
بەرگی یەکەم: مێژوو و جوگرافیا
ئامادەکار: بوار نوورەدین
پێشەکی: د.حوسامەددین عەلی غالیب نەقشبەندی
دیزانی ناوەوە: عیسام موحسین
سەرپەرشتی چاپ و دیزانی بەرگ: عوسمان پیرداود
چاپی یەکەم- چاپخانەی (حاجی هاشم) هەولێر- کوردستان
تیراژ: (٥٠٠) دانە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (    ) ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە

## پێشکەشە بە:

* مستەفا نەریمان:

سوارچاکی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی

* میر عەبدال خانی بدلیس:

دامەزرێنەری دیارترین کتێبخانەی کوردستان

* حسێن حوزنی موکریانی:

کە یەکەم کتێبی مێژووی کوردی بە زمانی کوردی چاپ کرد

## سوپاس و پێزانین

پێویست بوو ناوی هەموو ئەوانە بنووسین، کە هاوکارییان کردووین، کە بەهۆی ئەوەی (هاوکار)مان زۆر بوو، ناچارین بە شێوەیەکی گشتی سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە بنووسین، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هاوکاری ئەم پرۆژەیەیان کردووە، بە تایبەت کارمەندانی ئەو کتێبخانانەی، کە ناویان هاتووە...

چاوم کزبوو، ئەوەندەی بە دوای کتێبدا بگەڕێم،
زارم تکا، ئەوەندەی تکای کتێب بکەم،
دەستم شکا، ئەوەندەی کتێب هەڵبگرم،
زمانم سوا، ئەوەندەی لاپەڕەی کتێب هەڵبدەمەوە،
خنکام، ئەوەندەی تۆزی کاغەز هەڵبمژم.

# ناوەرۆك


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| ناوی نووسەران بە پێی تیپ و لاپەڕە | ... |
| ناوی وەرگێڕەكان بە پێی تیپ و لاپەڕە | ... |
| پێشەكی: د.حوسامەددین نەقشبەندی | ١١ |
| پێشەكیی ئامادەكار | ١٥ |
| ئەم بیبلیۆگرافیایە | ١٧ |
| چۆنێتی دۆزینەوەی سەرچاوەكان | ٢١ |
| گرفتەكانی ئامادەكردنی بیبلیۆگرافیای كتێبی كوردی | ٢٧ |
| چۆنێتیی نووسینەوە و ناساندنی كتێبەكان | ٣٣ |
| شێوازی پۆلێنكردن و جیاكردنەوەی كتێبەكان | ٤١ |

**تەوەری یەكەم:**

| | |
|---|---|
| **بیبلیۆگرافیای كتێبەكان بەپێی ساڵ (١٩٢٥– ٢٠١٠)** | **٤٥– ٥٦٦** |

**تەوەری دووەم:**

| | |
|---|---|
| **بیبلیۆگرافیای نووسەران و وەرگێڕەكان** | **٥٦٧– ٦٦٦** |
| چۆنێتیی ئامادەكردنی لیستی نووسەر و وەرگێڕ | ٥٦٩ |
| • بیبلیۆگرافیای نووسەران | ٥٧١– ٦٣٢ |
| • بیبلیۆگرافیای وەرگێڕەكان | ٦٣٣– ٦٦٦ |

## پێڕستی ناوی نووسەران بەپێی تیپ و لاپەڕە


| تیپی سەرەتای ناوی نووسەر | لاپەڕە | تیپی سەرەتای ناوی نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ئ | ٥٧٣- ٥٧٩ | ع | ٦٠١- ٦٠٧ |
| ب | ٥٨٠- ٥٨٢ | ف | ٦٠٨- ٦٠٩ |
| پ | ٥٨٣ | ڤ- ق | ٦١٠ |
| ت | ٥٨٤- ٥٨٥ | ك | ٦١١- ٦١٥ |
| ج- چ | ٥٨٦- ٥٨٧ | گ | ٦١٥ |
| ح | ٥٨٨- ٥٩٠ | ل | ٦١٦ |
| خ | ٥٩١ | م | ٦١٧- ٦٢٦ |
| د | ٥٩٢ | ن | ٦٢٧- ٦٢٨ |
| ر | ٥٩٣- ٥٩٤ | و | ٦٢٩ |
| ز- ژ | ٥٩٥ | ه | ٦٣٠- ٦٣١ |
| س | ٥٩٦- ٥٩٨ | ی | ٦٣١- ٦٣٢ |
| ش | ٥٩٩- ٦٠٠ | | |

# پێڕستی ناوی وەرگێڕەکان بەپێی تیپ و لاپەڕە


| تیپی سەرەتای ناوی وەرگێڕ | لاپەڕە | تیپی سەرەتای ناوی وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ئ | ٦٣٥- ٦٣٨ | ع | ٦٥٣- ٦٥٦ |
| ب- پ | ٦٣٩ | ف | ٦٥٦ |
| ت | ٦٤٠ | ق | ٦٥٧ |
| ج | ٦٤١- ٦٤٢ | ك | ٦٥٧- ٦٥٨ |
| ح | ٦٤٣- ٦٤٤ | ل | ٦٥٨ |
| خ | ٦٤٥ | م | ٦٥٩- ٦٦٢ |
| د | ٦٤٥ | ن | ٦٦٣- ٦٦٤ |
| ر | ٦٤٦- ٦٤٧ | و | ٦٦٤ |
| ز- ژ | ٦٤٨- ٦٤٩ | ه | ٦٦٥ |
| س | ٦٥٠- ٦٥١ | ی | ٦٦٦ |
| ش | ٦٥٢ | | |

## هێما بەکارهاتووەکان

**چاپ: نۆرەی چاپە واتە چاپی یەکەم و دووەم**

**چ: چاپخانە**

**ش: شوێن**

**ژس: ژمارەی سپاردن**

**س: ساڵ**

**ل: لاپەڕە**

**ق: قەوارە (بە سانتیمەترە و "پانی"ی پێش "درێژی"ی نووسراوە)**

**ھ: لە لیستی نووسەر و وەرگێڕدا بۆ کاری هاوبەش دانراوە**

**بۆ (چاپخانە)کانیش بەم شێوانە کورت کراونەتەوە:**

**و- وەزارەت**

**ز- زانکۆ**

**ك- کۆلیژ**

**کۆڕ...: کۆڕی زانیاری عێراق و کۆڕی زانیاری کورد**

**تەنیا لە کاتی نەبوونی کۆدی کتێبدا، ژمارەی تۆمارکراوی بۆ دانراوە:**

**ژ: ژمارە**

# پێشەکی[1]

د.حوسامەددین عەلی غالیب نەقشبەندی

هیچ گومانێکی تێدا نییە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کتێبی ناسێنراوی تایبەت بە (کورد و کوردستان)، کە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بووەتەوە، کارێکی بایەخدار و بەکەڵك و گرینگە، ئەمەش لەپێناوی کارئاسانی و دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانەی، کە خوێنەر، یان لێکۆڵەر لێی دەگەڕێن، بەمەش کۆشش و کاتیان بۆ دەگەڕێتەوە.

لێکۆڵەر (بوار نوورەدین) درێخی لە تەکنیکی ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا نەکردووە، کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەردایە. تەنیا بە زانیاری لەبارەی: ناوی نووسەر، ناوی کتێب، شوێنی چاپ، ساڵی چاپ، ژمارە و قەوارەی لاپەڕە... نەوەستاوە، بەڵکو خوێنەران و لێکۆڵەرانی لە ناوەڕۆکی کتێبەکانیش ئاگادار کردووەتەوە، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمەیە بیبلیۆگرافیای ناسێنراو، چونکە بەم تەکنیکە، هاوکاریی و کارئاسانی تەواوی ئەو کەسانە دەکات، کە وێڵی دەستکەوتنی زانیاریین.

تائێستا کۆمەڵێك بیبلیۆگرافیای تایبەت بە کتێبی کوردی لەبارەی (کورد و کوردستان)ـەوە ئامادە کراوە، بەڵام زۆربەیان تەنیا وەك داتای ناوی نووسەران و ناوی کتێب... کاریان کردووە، تەنانەت هەندێکیان ناوی وەرگێڕیان بێ ناوهێنانی (نووسەر) نووسیوە، کە ئەمانە بە بیبلیۆگرافیای ناتەواو دادەنرێن، جگە لەمانەش، کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆریان تێکەڵ کردووە، وەك: زمان، هۆنراوە، مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، دابونەریت، ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکان، بیرەوەریی و... تاد، لەلایەکی تریشەوە، تووشی هەڵە بوون، ئەویش بە تێکەڵکردنی (کتێب) لەگەڵ بابەتی ناو گۆڤار و

---

١– ئەم پێشەکییە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.

ڕۆژنامەکاندا، هەروەها زۆربەی ئەوانەی، کە ئەم جۆرە بیبلیۆگرافیایانەیان ئامادە کردووە، هیچ بنەمایەکی زانستییان لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاکانیاندا پێڕەو نەکردووە، چونکە بنەمای ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا، ئەمەیە، کە ببێتە ڕێنما و سەرچاوە بۆ خوێنەران و لێکۆڵەران، کە بەشێوەیەکی ئاسان و بێ هیچ ئاستەنگ و کات بەفیڕۆدان و تەنانەت کەمترین خەرجی، زانیارییان لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەست بکەوێت، کە دەستنیشانیان کردووە، کە ئایا لە ناوەڕۆکی چ کتێب و سەرچاوەیەکدا باسوخواستی لەسەر کراوە؟

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێك بیبلیۆگرافیای زانستی لەلایەن هەندێ ئەکادیمییەوە، لەبارەی (کورد و کوردستان)ـەوە ئامادە کراوە، کە پێویستە ئاماژەیان پێ بدەین... وەك ئەو بیبلیۆگرافیایەی، کە (د.کەمال مەزهەر) ئامادەی کردووە، هەروەها ئەو دوو بیبلیۆگرافیایەی، کە (د.نەجاتی عەبدوڵڵا) ئامادەی کردوون... ئەمە جگە لە هەندێ کاری زانستی وەك ئەوەی، کە (لقمان.م.محو) بەناوی (ببيليوغرافيا مختارة ومعرفة) ئامادەی کردووە، کە لەبارەی ئەو کتێبانەوەیە، کە بە زمانانی تر لەسەر (کورد و کوردستان) نووسراون و بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون، هەروەها سەرچاوەی وەك (ببيليوغرافيا منتحبة)ی لێکۆڵەری خوالێخۆشبوو (حسێن فەیزوڵڵا جاف)، کە یەکێکە لەو دەستخەتانەی لە کتێبخانەی (کۆڕی زانیاری عێراق) هەڵگیراوە، ئەمەی دواییان، بیبلیۆگرافیایەکی ناسێنراوە، نووسەری ئەم پێشەکییەش لە ساڵی ٢٠١١دا بیبلیۆگرافیایەکی چاپ و بڵاو کردەوە...[١]، کە بیبلیۆگرافیایەکی ناسێنراوی تایبەت بە مێژووی کورد و کوردستانە، لە هەمان کاتدا، سەرچاوەکانی ناساندووە.

---

١- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: ما ألف عن تأريخ الكرد وكردستان باللغه العربية والمعربة حتى عام ٢٠٠٧م (ببيلوغرافيا متخصصة ومعرفة)...، وضع وأعداد: د.حسام الدين علي غالب النقشبندي، من منشورات بنکەی ژین، م(شڤان)، السليمانية، ٢٠١١

بیبلیۆگرافیا، بە چەند شێوازێکی جیاواز ئامادە دەکرێت، کە هەیانە بەپێی تیپی سەرەتای ناوی نووسەران و هەشیانە بەپێی تیپی سەرەتای ناوی کتێبەکان ڕێك دەخرێت، هەروەها بیبلیۆگرافیا هەیە، کە بەپێی مێژووی بابەتەکان (تسلسل زەمەنی) ڕێك دەخرێت، واتە، سەرەتا مێژووی کۆن، ئینجا مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، دواتر مێژووی نوێ، لە کۆتاییشدا مێژووی هاوچەرخ. بیبلیۆگرافیاش هەیە، کە بەپێی مێژووی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکان ئامادە دەکرێت، ئەمەشیان ئەوەیە، کە لێکۆڵەر (بوار نوورەدین) پشتی پێ بەستووە، هەروەها لەپێناو کارئاسانی لە ناساندنی نووسەران و کتێبەکاندا، پاشکۆیەکی بۆ ناوی نووسەران و وەرگێڕەکان ئامادە کردووە، کە ناوەکانیشی بەپێی ڕیزی تیپەکان ڕێك خستووە و لەژێر ناوی هەر نووسەر و وەرگێڕێکیشدا، ناوی کتێبەکانی لەگەڵ ژمارەی کتێبەکەدا داناوە، ئەمەش وایکردووە، کە کارەکەی بێوێنە بێت و بۆ یەکەم جارە، کە بیبلیۆگرافیا بەم شێوەیە ئامادە بکرێت.

کاتێك ئەم بەرگی یەکەممان خوێندەوە، کە تایبەت بە (مێژوو)ە، لەگەڵ ئەو زانیارییانەش، کە لەبارەی بەرگەکانی ترەوە نووسیویەتی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە کۆششێکی زۆر و کاتێکی دووردرێژی لەگەڵدا بەسەر بردووە، کە ئەمەش لەلایەن خوێنەر و بەکاربەری بیبلیۆگرافیاکەوە ئاشکرایە، لەهەمان کاتدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەم کارەیدا، ڕەنجی زۆری کێشاوە و توانیویەتی زۆرترین سەرچاوە دەستەبەر بکات و بەسەر چەند بابەتێکی دیاریکراودا، دابەشیان بکات... هەروەك لە چیرۆکی پێشەکییەکەشیدا دەردەکەوێت، کە لەپێناو تەواوکردنی کارەکەیدا، ئەمسەر و ئەوسەری زۆری کردووە و کۆمەڵێك کتێبخانەی گشتیی و تایبەتی بەسەر کردووەتەوە، واتە هەوڵی دۆزینەوەی هەموو ئەو سەرچاوە چاپکراوانەشی داوە، کە لەبارەی (کورد و کوردستان)ەوە بە زمانی کوردی چاپ بوون... بەڵام سەرەنجام بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بووە و لەکۆتاییدا توانیویەتی تەنیا لەبەرگی یەکەمدا، زۆرتر لە ٤٠٠ کتێبی چاپکراو ئامادە بکات...

هەموو ئەمانە، ئەوەمان نیشان دەدەن، کە لە ئامادەکردن و دەرخستنی ئەو سەرچاوانەدا، چەند ڕەنج و ماندووبوونی کێشاوە. هیوادارم لەپێناوی خزمەتکردنی زۆرتری زانست و مەعریفەدا، خوا یارمەتی بدات.

**٢٠١٢/٨/٥- سلێمانی**

# پێشەکی

سوپاسی خوای گەورە دەکەین، کە یارمەتی داین و لە ئێستادا، تاڕادەیەکی زۆر گەیشتووینەتە ئەوەی کاری زۆربەی بەرگ و بەشەکان تەواو بکەین... بێگومان وەك دۆزینەوە و نووسینەوەیان لەناو کۆمپیوتەردا.

دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم کاری بیبلیۆگرافیامان (٢٠٠٤)، بیرمان لەوە کردەوە کار لەسەر کتێبە مێژووییەکان بکەین و وەك (بەرگی دووەم) ئامادەی بکەین و دواتر بەرگەکانی دیکە ئامادە بکەین، کاتێکیش دەستمان پێکرد، ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو، کە جیاکردنەوەی کتێبە مێژووییەکان، کارێکی هەروا ئاسان نییە، هەروەها پێویست دەبێت لە داهاتوودا، دووبارە بۆ کتێبی بەرگەکانی دیکە بگەڕێین، ئەمەش ئاستەنگی زۆرتر بوو و تووشی کاری دووبارەی دەکردین و کاتمان زۆرتر بە فیڕۆ دەڕۆیشت... لەبەر ئەمانە، ناچار بووین پرۆژەکە فراوانتر بکەین و هەوڵی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا بۆ هەموو ئەو کتێبە کوردییانە بدەین، کە لە سەرەتاوە تا ساڵی ٢٠١٠ لەبارەی (کورد و کوردستان)ـەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

دوای فراوانبوونی پرۆژەکە، بە نیازی ئەوە بووین هەموو بەرگەکان بەیەکەوە ئامادە بکەین و وەك گرووپێك چاپ بکرێن، کە نەکرا... ناچاربووین لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢دا، بڕیاری جیاکردنەوە و یەکلایی کردنەوەی بەشێکی ئەم پرۆژەیە بدەین، کە بە سوپاسەوە (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) بۆیان چاپ کردین.

دوای ڕەنج و تێکۆشانی ئەم چەند ساڵە و بوونی چەند پرس و گرفتێك، واتە دوای بەسەرکردنەوەی ٢ کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی ١٠ دەزگا و کتێبخانەی زۆرتر لە ٤٠ کەسایەتی – دواتر ئاماژە بەم وردەکارییانە دەکرێت–، پێوستە بنووسین: هیچ بە سووچی خۆمانی دانانێین ئەگەر بوواردن کەوتبێتە کارەکەمانەوە، چونکە تاڕادەیەکی زۆر و ئەوەندەی لە توانای تاکە کەسێکدا بێت، کردوومانە و هیچ درێخی و کەمتەرخەمیمان لێ

نـەکردووە. لـە هـەر کتێبخانەیـەکیش کارمـان کردبێـت — تـەنیا کتێبخانـەی (مەڵبەند) نەبێت– بەپێی (کتێب) کارمان کردووە نەك لیست، واتە لە هـەموو کۆدەکاندا لە یەکەم کتێبەوە تاکو کۆتایی کۆدەکە سەیرمان کردووە.

پێمان وایە ئەم پرۆژەیە کارێکی نەتەوەییە و پێویستی بـەوە هەیـە لـە هەر کاتێکدا، فراوانتر بکرێت و ناوەندێکی بۆ دابمـەزرێنرێت، بـۆ ئـەوەی وەك ڕێکخراوێکی تایبەت بە (بنکـەی بیبلیـۆگرافیی کتێبـی کـوردی)، چالاکانە لـە پێشخستنی ڕۆشنبیریی کورد و کتێبی کـوردی و کتێبخانـەکانی کوردسـتاندا، ڕۆڵێکـی کارامـە ببینێـت، چـونکە دوای فراوانبـوونی پرۆژەکـە، بیرمـان لـەوە کردووەتەوە، کە جگە لەوەی پێویستە هەموو بـەرگ و بەشـەکان وەك کتێـب چـاپ بکـرێن و لـە کتێبخانـەکانی کوردسـتاندا، وەك سەرچـاوەیەك بەکاربهێنرێن، لە هەمان کاتدا پێویستترە، کە لـە چوارچێوەی بەرنامەیـەکی ئایتیدا، لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دابمەزێنرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە زۆرترین وردەکاریمان لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا کردووە و زۆر زۆریش پێوەی ماندووبووین، بەڵام بەبێ هیچ گومان و چەند و چوونێك، کارەکە کەموکورتی هەیە و هێشتا پێویستی بـە ئاگادارکردنـەوە و سـەرنج و تێبینـی هەیـە، کـە ئەمـەش سروشـتێکی ئامـادەکردنی بیبلیۆگرافیایـە... هیوادارین بە هاوکاری ئێوە، بتوانین کەموکورتییەکان دەستنیشان بکەین، تا لە داهاتوودا کەلێنەکان کەمتر بکرێنەوە.

**بوار نوورەدین– سلێمانی**
**Bwar_n@yahoo.com**

# ئەم بیبلیۆگرافیایە

لە مێژووی کتێب و کتێبخانەی کوردیدا، کۆمەڵێك بیبلیۆگرافیا ئامادە کراون، بەڵام ئەوەی لە هەموویان پێویستتر بێت (بیبلۆگرافیای گشتیی کتێبی کوردی)یە، کە وەك پێویست و بە شێوەیەکی گشتی ئامادە نەکراوە، هەرچەند شادڕەوان (مستەفا نەریمان) چەند بیبلیۆگرافیایەکی ئامادە کردووە و ئەرکێکی زۆر زۆری کێشاوە، بەڵام دیارە ئەوانیش وەك سروشتی هەر بیبلیۆگرافیایەکی کتێبی کوردی، بێ کەموکوڕی نەبوون، ئەمە جگە لەوەی، دوا کاری تاکو ساڵی ١٩٨٦ بووە...[١]

لەم پرۆژەیەدا، هەوڵی دروستکردنی شێوازێکی تایبەت دراوە لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیادا، ئەویش سەرەڕای ئەو شێوازانەی، کە پێشتر لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردیدا بەکارهاتوون، بایەخ بە (ناوەرۆك)ی کتێبەکانیش دراوە، واتە وەك (ئامانج)ێکی سەرەکی بیبلیۆگرافیاکان لەبەرچاو گیراوە، هەر کتێبێکیش ناوەرۆکی بۆ ئامادە نەکرابێت، ئەگەر ناونیشانی تێدا بووبێت، ئەوا ناونیشانەکان کۆکراونەتەوە و بۆیان کراوە بە (ناوەرۆك)، ئەوانەشی، کە ناونیشانیان تێدا نەبووە، بەشی ئەوەندەیان لەبارەوە نووسراوە، کە وەڵامی خوێنەر بدەنەوە، چونکە پێمان وایە نووسینەوەی ناوەرۆکی کتێبی کوردی، بەشێك لە کێشەکانی کتێبی کوردی بە گشتی و (پۆلێن) بە تایبەتی، چارەسەر دەکات...

لە زۆربەی ئەو بیبلیۆگرافیایانەی، کە لە پێناوی کتێبی کوردیدا ئامادەکراون، کەمتر ئاوڕ لە (ناوەرۆك)ی کتێب دراوەتەوە، واتە ئەگەر خوێنەر بیەوێت کتێبەکان بەکار بهێنێت، ئەوا ناچار دەبێت لە ڕێگەی (ناونیشان)ی کتێبەکانەوە، ناوەرۆکی کتێبەکە مەزەندە بکات؟ کە زۆرێك لە

---

١- ئەوەی ڕاستی بێت، کاتێك ڕۆژانە کارمان دەکرد، ئەوەمان بە بیردا دەهات، کە ئێمە کۆمپیوتەر زۆرترین کارئاسانی بۆ کردووین، بەڵام دەبێ ئەو (نەریمان) چۆن چۆنی ئەو ئەرکەی کێشابێت؟! دڵنیام زۆر زۆر پێوەی ماندوو بووە.

کتێبە کوردییەکان، لە ڕێگەی ناونیشانەوە، کرۆك و باسوخواسیان بە تەواوی دەرناکەوێت. لە کاتێکدا پێمان وایە کار و ئەرکی (بیبلیۆگرافیا)، تەنیا بۆ ئەوە نییە، کە زانیاریت لەسەر ئەوە بداتێ، کە ئایا چەند کتێبی کوردی هەیە؟ یان فلان نووسەر و وەرگێڕ، چەند کتێبیان هەیە؟ بەڵکو زۆرتر بۆ ئەوەیە، کە یارمەتی لێکۆڵەران بدات، تا بزانن کەی و کێ و چی و چۆن؟ لەبارەی ئەو بابەتەوە نووسراوە، کە دەیانەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن...

لە ئامادەکردنی زۆربەی ئەو بیبلیۆگرافیایانەی ئامادەمان کردوون، هەر کتێبێك بە شێوەیەکی سەربەخۆ (ناسنامە) و (ناوەرۆك)ی بۆ کراوە. تەوەرێك تایبەت کراوە بە کتێبەکان و بەپێی ساڵ ڕیز کراون، چونکە پێمان وایە ئەگەر بیبلیۆگرافیاکان بابەتییانە و بەپێی ساڵ ئامادە بکرێن، ئەوکات داتای مێژوویی و تەواو و ئاسانتر بۆ لێکۆڵەران دەخەنە ڕوو.

تەوەری دووەم، تایبەت کراوە بە بیبلیۆگرافیای نووسەران و وەرگێڕەکان، کە لە ژێر ناوی هەر کامێکیاندا، ناو و کۆدی کتێبەکانیان –لەناو بیبلیۆگرافیاکەدا– دانراوە. واتە بەکاربەر هەر زانیارییەك لەبارەی کتێبەکەوە بزانێت، زۆر بە ئاسانی لە بیبلیۆگرافیاکەدا دەیدۆزێتەوە.

بێگومان لە هەر سەردەمێکدا، کاری بیبلیۆگرافیا کەموکوڕی تێدا دەبێت، لە کاتێکدا کارێکی لەمجۆرە –بەتایبەت ئەم بیبلیۆگرافیایە– هەوڵی زۆری بۆ دراوە، کە کەمترین بوواردنی تێدا بێت، بەڵام لە سەرەتاوە بە مەبەستی (داتا)ی چاپکراوە کوردییەکان ئامادە نەکراوە، بەڵکو وەك پێداویستی و کارئاسانی لێکۆڵەران ئامادە کراوە، کە دەیانەوێ لەبارەی (کورد و کوردستان)ـەوە بنووسن، واتە ئەگەر بەتەواویش نەیتوانیبێت هەموو کتێبە کوردییەکان کۆبکاتەوە، تاڕادەیەك، ئامانجی خۆی پێکاوە و ڕەنگە لە ٩٥٪ی کتێبە چاپکراوەکانی گرتبێتەوە؟

ئامانج و شێوازی ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایە، بۆ ئەم خاڵانەی پێشتر و هەندێ لەو سەرنج و تێبینییانە دەگەڕێتەوە، کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکرێت. هەروەها، ڕەنگە پێویست بێت بڵێین، کە هەندێك پێیان وابێت ئەم

شێوازە، درێژبڕی پێوە دیارە، کە لە ڕاستیدا ئامانجی ئەم کارە ئەوەیە زۆرترین کەڵك بە کاری لێکۆڵەران بگەیەنێت، بێگومان لە پێکاندنی ئەم ئامانجەشدا، ڕەنگە ئەو بۆشاییە دروست بکات و جێگەی ئەو ڕەخنەیە وەربگرێت... لەکاتێکدا ئەم شێوازە ڕەنگە بۆ هەموو کتێبەکان، ئامانجی تەواوی لە ناساندنی کتێبەکاندا نەپێکابێت، بەڵام دەتوانین بڵێین لە ٩٠٪ بەرەوژوور، پێکاوێتی...

ئەم بیبلیۆگرافیایە بەو ئاقارەدا نەبراوە، کە سەرنج و تێبینی لەبارەی ناوەرۆك، یان ئاستی کتێبەکان بنووسین[١]، بەڵکو بۆ ئەو کەس و شارەزا و پسپۆرانە بەجێ هێڵراوە، کە تەوەر و باسی تایبەت و سەربەخۆ هەڵدەبژێرن و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەن.

هەر لەم پێناوەدا، یەکێك لەو گرفتانەی تووشمان هات (ناونیشان)ی بیبلیۆگرافیاکە بوو، کە چەند ناونیشانێکی بۆ دەستنیشان کرا و دواجار ئەمەی ئێستای بە پەسند زانرا.

پرۆژەی ئەم بیبلیۆگرافیایە واتە هەڵبژاردنی ئەم کتێبانە و دابەشکردنیان بەسەر چەند بەرگێکدا، مەبەست لێی کۆکردنەوەی سەرچاوەی ئەو زانست و زانیارییانەیە، کە بە (کورد) و (کوردستان)ەوە پەیوەستن و لە ئەرشیڤی کتێبی کوردیدا بوونیان هەیە، کە دەکرێ کۆی ئەم بابەتانە، ئەو زانست و زانیارییانەبن، کە پەیوەندییان بە کولتووری (کورد و کوردستان)ەوە هەیە[٢]، واتە هەر کتێبێك –بێگومان ئەگەر کوردیش بێت– پێوەندی بەم دووانەوە نەبووبێت، فەرامۆش کراوە...[٣]

---

١– لە هەمان کاتدا، هەر ناتەواوییەك، یان هەر زانیارییەك لە ناسنامە و ناوەرۆکی کتێبەکاندا، پێویستی بە سەرنج و تێبینی بووبێت، لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێکراوە.

٢– هەروەها ئەو بیبلیۆگرافیایەی، کە لە پێناوی (فۆلکلۆری کوردی)دا ئامادەمان کردووە، بە بەشێك لەم پرۆژەیە ئەژمار دەکرێت، چونکە (فۆلکلۆر)یش بەشێکە لە کولتوور...

٣– بۆ نموونە: لە بەرگی تایبەت بە (ئەدەبی کوردی)دا، دیوانی هیچ شاعیرێکمان وەرنەگرتووە؟ بەڵام هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و نووسین و بابەت و وتارانە... تاد، وەرگیراون، کە پەیوەندییان بە: شیعر، ژیان، سەردەم... شاعیرانی کوردەوە هەیە، چونکە کاتێك لێکۆڵینەوە لەبارەی شاعیرێکی کورد دەکرێت،

ئەمانەش پێکهاتەی بەرگ و بەشەکانی دیکەی ئەم بیبلیۆگرافیایەن، کە هیوادارین بتوانین لە زووترین کاتدا، پێشکەش بە کتێبخانەکانی کوردستانی بکەین، کە تا نووسینی ئەم پێشەکییە بەم شێوەیە ڕێکخراون:

١. بەرگی دووەم– مێژوو لە دوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە بەرەودوا: مێژووی هاوچەرخ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، پرۆسەی سیاسیی کوردستان، ناوداران و بیرەوەری، جینۆساید... (کتێبی سالآنی ١٩٣٤– ٢٠١٠)[١]

٢. بەرگی سێیەم: ئەدەب (کتێبی سالآنی ١٩٣٩– ٢٠١٠)[٢]

٣. بەرگی چوارەم: ڕاگەیاندن (کتێبی سالآنی ١٩٧٠– ٢٠١٠)

٤. مێژوو و ڕەوشی کۆمەڵگە... (کتێبی سالآنی ١٩٢٧–٢٠١٠)

٥. ئایین و ئایینزاکان (کتێبی سالآنی ١٩٣١– ٢٠١٠)

٦. زمان (کتێبی سالآنی ١٩٢٩– ٢٠١٠)

٧. هونەر (کتێبی سالآنی ١٩٥٧– ٢٠١٠)

---

تاڕادەیەك دیوانەکەی دیار و ئاشکرایە، بەڵام ئەوەی، کە کارئاسانی بۆ لێکۆڵەران دەکات، ئەمەیە، کە ئایا چی و کێ و کەی و چۆن؟ لەبارەی ئەو شاعیرەوە نووسراوە...

١– ئەم بەرگە، زۆرتر لە ٢٣٠٠ ناونیشانی لە خۆگرتووە و ڕەنگە چوار، یان پێنج بەش بێت.

٢– ئەم بەرگە، دوو بەشە و نزیك بە ١٠٠٠ کتێب دەبێت.

## چۆنێتی دۆزینەوەی سەرچاوەکان

یەکێك لە ئەرکەکانی (بیبلیۆگرافیا) نووسینی زانیاریی ناسنامەی کتێبەکانە، کە ئەمیش بەشێکی لە پێناوی دۆزینەوەی کتێبەکاندا ئاماژەی پێ دەکرێت، لەبەرئەمە لە وڵاتێکی وەك ئێمە، پێمان وایە، کە نووسینی کۆدیش[1] وەك پێویستییەکی بیبلیۆگرافیا و کتێبناسیی ڕۆڵی خۆی دەبێت، لەبەر ئەمە، کۆد، یان ژمارەی زۆربەی کتێبەکانمان لە پەراوێزدا نووسیوە، کە لەو چەند کتێبخانەیەی بەناویاندا گەڕاوین و کتێبمان تۆمار کردووە، بوونیان هەیە[2].

هەروەك ئاشکرایە لەو بەشەی، کە چاپ کرا، تەنیا پێنج کتێبخانەمان بەسەر کردبووەوە، دوای ئەوە، کە ساڵێك زۆرتر بوو و کاتیشمان زۆرتر بوو، زۆرترین کتێبخانەمان بەسەر کردەوە. کاتێکیش ئەو بەشە چاپ کرا، هەستمان کرد هەندێ لە بەکاربەرانی بیبلیۆگرافیاکە، تووشی گرفتی پەیداکردنی هەندێ لە سەرچاوەکان دەبوون، لەبەر ئەمە هەوڵی نووسینەوەی زۆرترین کۆدمان بۆ کتێبەکان دا، بەتایبەت کتێبخانەی گشتیی هەولێر، لەگەڵ ئەمەشدا هەر بە تەواوی نەمان توانیوە کۆدی کتێبەکان لە هەموو کتێبخانەکان بنووسینەوە، چونکە وەك ئاشکرایە تاکو ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایە، هیچ ئامادەکارێك ئاماژەی بە بوون و کۆدی کتێب نەکردووە، واتە ئەمەش ئەوەندەی دیکە ئەرکەکەی گرانتر کردین.

نووسینی کۆدی کتێبەکان لە کتێبخانەکاندا، جگە لەوەی کارئاسانی بۆ بەکاربەرانی ئەم بیبلیۆگرافیایە و کارمەندانی کتێبخانەکان دەکات، خۆیشمان کەڵکمان لێ وەرگرتووە، چونکە لە کاتی ئامادەکردن و پێداچوونەوەدا، هەر

---

١- لەبەر ئەوەی نووسینی (کۆد) بەشێکە لەو زانیارییانەی، کە لە نێو کتێبخانەکاندا کتێبی پێ دەناسرێتەوە و دەدۆزرێتەوە، (پەراوێز)ی تایبەت بە کۆدی کتێبەکانمان لەگەڵ دێڕی کورتکراوەی (ناسنامە)ی کتێبەکان داناوە. لە کاتێکدا – بەهۆی کێشەی پۆلێنەوە- ئەگەر گۆڕانکاریش بەسەر ئەم کۆدانەدا بێت، گرنگ ئەوەیە بەکاربەر دڵنیا دەکاتەوە لە بوونی کتێبەکە لەو کتێبخانانەدا.

٢- لە بابەتی دواتردا (گرفتەکانی...) وەڵامی ئەم بۆچوونە باشتر ڕوون دەبێتەوە.

سەرنج و تێبینی، یان هەڵەیەکمان لە تۆمارکردنی کتێبەکاندا بەسەردا تێپەڕ بووبێت، بەهۆی کۆدەکانیانەوە ئاسانتر دۆزیومانننەتەوە... هەروەها، کاتێك یەك کۆدمان بۆ کتێبێك نووسیوە، مانای ئەوە نییە، کە ئەو کتێبە تەنیا لەو کتێبخانەیەدا هەیە و لە ئەوانی دیکەدا نییە، بەڵکو لە سەرەتادا لە کام لەو کتێبخانانە وەرمان گرتبێت، بە کۆدی ئەویێ تۆمارمان کردووە، هەرچەند بۆ هەندێ کتێبیش کۆدی دوو کتێبخانە، یان زۆرترمان نووسیوە. پێویستە ئەمەش بڵێین، کە هەندێك لە کتێبی کتێبخانەکان، هێشتا تۆمار نەکرابوون و کۆدیان وەرنەگرتبوو، لەبەرئەمە ناچار تەنیا ئاماژەمان بە بوونیان داوە... هەروەها هەندێك کتێب کۆدیان بۆ نووسراوە، بەڵام لە هەندێ کتێبخانەدا — بەتایبەت گشتیی سلێمانی— تەلەف کراون، ئەو کتێبانەش، کە هیچ کۆدێکیان بۆ نەنووسراوە دیارە لای کتێب فرۆشەکان، یان بەڕێکەوت لە شوێنێك بەردەستمان کەوتووە.

هەر کاتێك کتێبێك کۆدی لەسەر نەبووبێت، یان تەنیا یەك کۆدی لەسەر بوو بێت، لە لیستی کتێبخانەکاندا بۆی گەڕاوین و هەوڵی نووسیی کۆدی دیکەشمان بۆ داوە. ئەم شێوازە لە نووسینی کۆدەکاندا، دەکرێ هەندێ هەڵەی تێکەوتبێ، چونکە هەندێکیان لە ڕێگەی لیستەوە کۆدەکانیان دانراوە...

لە ئاماژەکردن بە کۆدی کتێبەکاندا، نیشانەی پرسیارمان لە شوێنی ژمارە، یان کۆدی ئەو کتێبانە داناوە، کە هێشتا کۆدیان وەرنەگرتووە، واتە لە پەراوێزی کتێبەکاندا ئەوەی کۆد و ژمارەی هەبووبێت، کۆد و ژمارەکەی بۆ نووسراوە، ئەوەشی نەیبووبێت، نیشانەی پرسیاری بۆ دانراوە، کە گرینگ ئەمەیە بەکاربەر دەزانێ ئەو سەرچاوەیەی بەدوایدا دەگەڕێ، لە چ کتێبخانەیەکدایە.[1]

---

١– لە کتێبخانە گشتییەکاندا، لە سەرەتادا (کتێب) تۆمار دەکرێت و مۆری کتێبخانەکەی لێ دەدرێت، کە لەگەڵ مۆرەکەدا، ئەم ژمارە تۆمارەشی لەسەر دەنووسرێت.

ئەمەش ناو و کورتکراوەی ئەو کتێبخانانەیە، کە کارمان تێدا کردوون و کۆد و بوونیان ئاماژەی پێ کراوە:

| کورتکراوەکەی | ناوی کتێبخانە |
| --- | --- |
| گ.س | کتێبخانەی گشتیی سلێمانی– بەشی کوردییەکان |
| گ.س.ش ([2]) | کتێبخانەی گشتیی سلێمانی– شەخسییەکان[1] |
| ژین (ژین: ئەرشیڤ)[3] | بنکەی ژین |
| وشە | نووسراودانی وشە |
| مەڵبەند | مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی.ن.ك) |
| سەنتەر | سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان |
| ئنستیتیوت | ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد |
| چاودێر | (ڕۆژنامەی چاودێر) تایبەت بە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ك) |
| سەردەم | دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم |
| گەلاوێژ | بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ |

١– وەك نەریتێکی نووسەران و هەندێ لە کەسایەتییەکان، پێش یان پاش کۆچی دواییان، کتێبخانە تایبەتەکانی خۆیان پێشکەش بە کتێبخانە گشتییەکان دەکەن، کە تێکەڵ بە کتێبی ئاسایی کتێبخانەکە ناکرێت و هۆڵ و کارمەند و بەشی تایبەتی بۆ ئامادە دەکرێت... ئەم بەشە لە سلێمانی بە (شەخسییەکان) و لە هەولێر بە (دیارییەکان) ناودەبرێن.

٢– هەروەها بۆ ئەو کتێبانەی، کە بە شێوەیەکی دیکە لە ئەرشیڤی (بنکەی ژین)دا پارێزراون، وەك هەندێ کتێب، کە (سکان) کراون، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە هەڵگیراون، هێمای (ژین: ئەرشیڤ)مان بۆ نووسیون.

٣– لەگەڵ ئەم هێمایانەدا و جگە لە ژمارەی کتێبەکە... کورتکراوەی ناوی خاوەنی کتێبخانەکە هاتووە، کە دواتر ناوی تەواوی هەموویان و چۆنێتی ناو و هێما کورتکراوەکانیشیان نووسراوە.

| کورتکراوەکەی | ناوی کتێبخانە |
| --- | --- |
| گ.هـ | کتێبخانەی گشتیی هەولێر- بەشی کوردییەکان[1] |
| گ.هـ.د | کتێبخانەی گشتیی هەولێر- بەشی دیارییەکان |
| هـ.حەیدەری | مومتاز حەیدەری |
| م.س.حشك | مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان |

لە پەراوێزدا بەم شێوەیە ئاماژەمان پێ کردوون:

(گ.س ١/٩٠٠)، (گ.س.ش: ف.أ ١٢١)، (گ.هـ: ڕامیاری ٢٧)، (وشە ٩٥٦,٧١/ ح ٤٧٥)، (گ.هـ.د: ش.ش.ی ٢٥١)

واتە ئەم کتێبە - بەو ژمارە و کۆدانەوە، کە لەگەڵیان نووسراوە- لەم کتێبخانانەدا هەیە:

گشتیی سلێمانی بە کۆدی ١/٩٠٠

گشتیی سلێمانی- شەخسییەکان (فەرەج ئەحمەد) بە ژمارە ١٢١

گشتیی هەولێر بەشی (ڕامیاری) بە ژمارە ٢٧

نووسراودانی وشە بە کۆدی ٩٥٦,٧١/ ح٤٧٥

گشتیی هەولێر- دیارییەکان (شەوکەت شێخ یەزدین) بە ژمارە ٢٥١

ئەمانەش ناو و کورتکراوەی ناوی کتێبخانە (شەخسییەکان)ی (کتێبخانەی گشتیی سلێمانی)ین، کە لە کتێبخانەی ئەم کەسایەتییانە پێك هاتووە[2]:

---

١- پۆلێنکردنی کتێبخانەی گشتیی هەولێر لە دوو بەش پێك دێت، کۆنەکانیان بەپێی بابەت کراوە: مێژوو، ئەدەب، کەسایەتی... کە لەگەڵ ئاماژە بە ناوی کتێبەکان، ناوی بابەتەکانیش نووسراوە، هەروەها کۆمەڵێك کتێبیشیان بەپێی سیستمی (دیوی) پۆلێن کردووە، کە بۆ ئەوانیش ژمارەکانیان نووسراوە.

٢- ناوی ئەم کەسایەتییانە لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی- شەخسییەکان، بەم شێوەیە کورت کراونەتەوە و لەسەر هەر کتێبێکیان ئەم ناوە کورتکراوانە و ژمارەکانیان (کۆدەکانیان) لەسەر نووسراوە.

| **ناوی کەسایەتی** | **کورتکراوەکەی** | **ناوی کەسایەتی** | **کورتکراوەکەی** |
|---|---|---|---|
| جەمشید فوئاد | ج.ف | نووری کەریم | ن.ك |
| فەرەج ئەحمەد | ف.أ | ئازاد مەحموود | أ.م |
| غەفوور ڕەشید داراغا | داراغا | سەردار ڕەشید | س.ڕ |
| محەممەد عەلی فەرەج | م.ع | ڕەشید نەجیب | ڕ.ن |
| کەمال جەلال غەریب | کەمال.ج | کاکەی فەللاح | ك.ف |
| عومەر محەممەد ساڵح | عومەر.م.س | عەبدوڵڵا جەوهەر | ع.ج |
| فەرەیدوون قەفتان | ف.ق | موسڵح مستەفا جەلال | م.م[1] |
| محەممەد کەریم فەتحوڵڵا | م.ف | ڕەفیق قەزاز | قەزاز |
| بەهادین نوری بابە عەلی | ب.ن | حاکم قادر | حاکم قادر |
| محەممەد نوری تۆفیق | م.ت | عەبدوڵڵا ئاگرین | ئاگرین |
| حاکم برایم | حاکم برایم | کاروان شەرعی | شەرعی |
| گۆران قەرەداغی | گ.ق | شاکر فەتاح | ش.ف |
| جەلال ئەمین | ج.أ | تۆفیق وەهبی | ت.و |
| حاکم لەتیف | حاکم لەتیف | سەعید شەفیق | س.ش |
| د.تەها ڕەسووڵ | ت.ر[2] | زانا حەمە ساڵح | ز.ح.س |
| محەممەد فەتحوڵڵا | ح.م[3] | | |

١- بەپێی ناوەکەی دەبێ (م.ج) بێت، بەڵام ناوەکەی بەم شێوەیە کورت کراوەتەوە.

٢- لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە (ط.ر) کورت کراوەتەوە، بەڵام ئێمە بە (ت.ر) کورتمان کردووەتەوە.

٣- کاتێك لەم بەشەدا کارمان دەکرد، کتێبخانەی هەندێ لەم کەسایەتییانە، ناوەکانیان کورت نەکرابووەوە و کۆد، یان ژمارەیان لێ نەدرابوو، لەبەرئەمە بەو شێوەیەی سەرەوە کورتمان کردوونەتەوە.

لـه بەشـی دیارییـەکانی کتێبخانـەی گشتیی هـەولێر، تـەنیا کتێبخانـەی چـەند کەسـایەتییەکەمان بەسـەر کردووەتـەوە، کـە بـەم شـێوەیە نـاوی ئەوانیشمان کورت کردووەتەوە:

١. شەوکەت شێخ یەزدین: ش.ش.ی

٢. نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز: ن.ع.ع

٣. شەماڵ ئەحمەد: ش.أ

٤. نەژاد عەزیز سورمێ: ن.ع.س

٥. محەممەد وەسمان: م.و

٦.تاریق جەمباز: ت.ج

٧.شەماڵ حەوێزی: ش.ح

هەروەها، لـە پێنـاوی کـەمترین بـوواردن و زۆرتـین تۆمارکردنـدا، چـەند دەزگایەکیش بەپێی لیستی چاپکراوەکانیان بەسەرکراونەتەوە...

لە هـەمان کاتـدا، کـەڵك لـە ئینتـەرنێتیش وەرگـیراوە، بـەڵام تـەنیا ئـەو کتێبانە وەرگـیراون، کـە لـە چـاپ و بڵاوبوونـەوەیان دڵنیـا بـووین، واتـە ئـەو کتێبانەی، کە لەسەر ئینتـەرنێت دابـەزیون و چـاپ نـەکراون، وەرنـەگیراون و دانـەنراون. لەلایـەکی دیکـەوە، کـەڵکمان لـە هەنـدێ کتێبفرۆشـی نـاو شـاری سلێمانی وەرگرتووە.

دەکرێ لەو کاتەدا، کە لە کتێبخانەیەکدا کارمان کـردووە، کتێبێـك، یـان چـەند کتێبێـك بەشـێوەی (خواسـتن) لـە دەرەوەی کتێبخانەکانـدا بـووبن و ئەمەش بە جۆرێکی دیکە تووشی بوواردنی کردبین.

## گرفتەکانی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی

لێرەدا بە چەند خاڵێك گرفتی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی بە گشتی و ئەم بیبلیۆگرافیایە بە تایبەتی، هەروەها بەشێك لە کێشەکانی کتێبی کوردی و کتێبخانەکانی کوردستان، دەخەینە ڕوو:[1]

١. نەبوونی کتێبخانەی نیشتمانی، کە ببێتە سەرچاوەی هەموو چاپکراو و بڵاوکراوەکان. بێگومان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، کتێبخانەی نیشتمانی هەیە، کە ئەرشیڤی نەتەوەیی و سەرجەم بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی لێ هەڵدەگیرێت...[2]

٢. لەکاتێکدا کتێبخانەی نیشتمانی نییە، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش نەیانتوانیوە ئەرشیڤی تایبەت بە خۆیان بپارێزن، بۆ نموونە هەر یەك لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان، شوێنێکی تایبەت بە ئەرشیڤی خۆیان نەکردووەتەوە تاکو بۆ کاری لەمجۆرە، کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

٣. نەبوونی دامەزراوە، یان دەزگایەکی گشتیی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی، کە کتێبی هەموو دەزگاکانی کوردستان بە (باکوور، باشوور، خۆرهەڵات و خۆرئاوا) تەنانەت وڵاتانی دیکەش، بگرێتەوە.

٤. کتێبی کوردی لە هەموو لایەکەوە (عێراق، ئێران، تورکیا، شاخ، ئەورووپا...[3]) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە چەند ساڵێك لە

---

١- زۆربەی ئەم خاڵانە هۆکارن لە بواردن و تۆمارنەکردنی کتێبدا.

٢- ئەگەر ناوەندی لەمجۆرە هەبێت، لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەوە، دەتوانی مەزەندەی ئاست و قەوارەکەی بکەیت، چونکە ئێمە لەو بڕوایەدا نەبووین ئەم بیبلیۆگرافیایە بەم شێوەیە فراوان ببێت...

٣- بەهۆی باری سیاسی کوردستان و دابەشبوونی بەسەر چەند وڵاتێکدا، تاکو ئێستاش کتێبی (نهێنی- نافەرمی) چاپ و بڵاودەکرێتەوە...

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ـەوە، بەجۆرێکی دیکە و بەبێ پلانی زانستی و سانسۆرێکی دیاریکراو، کتێب چاپ دەکرێت.[1]

٥. لە دوای ڕاپەڕینەوە، هیچ ناوەندێکی حکوومی بایەخی تایبەتی بە ئامادەکردنی (بیبلیۆگرافیا) نەداوە، واتە بەشێوەیەکی تایبەت کار بۆ ئامادەکردنی (بیبلیۆگرافیا) نەکراوە... ئەمە جگە لەوەی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا لەگەڵ کتێبی دیکەدا جیاوازە، واتە ئەرك و ماندووبوون و خەرجی و کاتی زۆرتری پێویستە، کەچی بە پێچەوانەوە، لەلایەن دەزگاکانی چاپەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت...

٦. (ژمارەی سپاردن) و ISBN[2]: لەگەڵ بوونی وەزارەتی پەیوەندیدار –وەزارەتی ڕۆشنبیری– و کۆمەڵێك دەزگا و لایەنی بەرپرسی ئەم بوارانە، هیچ هەوڵێك بۆ دەستەبەرکردنی ISBN بۆ کتێبی کوردی (بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا) نەدراوە؟ تاڕادەیەك لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا، یەك جۆر و

---

١– لە چاپکردنی کتێبی کوردیدا، تا ئێستا سیستمێکی جێگیری زانستی نییە و هەندێ کتێب هەیە، کە هیچ بنەمایەکی (کتێب)ی تێدا نییە... لەبەر ئەمە پێوستە (وەزارەتی ڕۆشنبیری) سانسۆر، یان یاسا و ڕێسایەکی– بۆ نموونە لە ناونانی کتێبدا– هەبێت، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی، کە سەربەخۆ و لە دەرەوەی دەزگا بڵاوکەرەوەکاندا، کتێب بڵاو دەکەنەوە، چونکە تاکو بە ئێستاکەش دەگات (ناونیشانی کتێب) یەکێك لە کێشەکانی کتێبی کوردییە...

٢– ISBN: کورتکراوەی (International Standard Book Number) واتە (ژمارەی جێگیری نێودەوڵەتی کتێب)، کە بە زمانی عەرەبی بە (ردمك– الرقم الدولي المعياري للكتاب)ی بۆ دانراوە... ئەم دەزگایە لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە و لە ١٩٧٢ـەوە دەست بەکاربووە. یەکێك لە سیستمە نێودەوڵەتییەکانە، کە هەموو کەسێك لە ڕێگەی ئەم ژمارەیەوە دەتوانێ زانیاری لەبارەی سەرچاوەکان پەیدا بکات. ئەم کۆدە، وەك ئەو (پێناس– هەویە)یە، کە بە هەر مرۆڤێك دەدرێت و تێیدا هەموو زانیارییەکی لەبارەوە دەنووسرێت. سەرەتا کۆدەکە لە دە ژمارە پێك هاتووە و ئێستا بووە بە ١٣ ژمارە. ئەم کۆدە، لە چوار بەش پێك هاتووە: چوار ژمارەی یەکەمی کۆدی (وڵات، زمان، ناوچەیەکی دیاریکراوە...)، کە کتێبەکەی لێ دەردەچێت –بۆ نموونە ئێران ٩٦٤٠ و تورکیا ٩٧٨٠– ژمارەی دوای ئەمیش کۆدی دەزگای بڵاوکەرەوەکەیە، چوار ژمارەش تایبەتن بە کۆدی کتێبەکە، دوا ژمارەش ژمارەی وردبینییە... بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە:
www.isbn.org & http://ejabat.google.com/ejabat/thread?tid & http://ar.wikipedia.org/wiki

شوێنی (ژمارەی سپاردن) هەبوو... کە ئەویش لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی پێکردووە و پێش ئەوەیش، چاپکردنی کتێب (ڕەزامەندی) یەکێك لە دەزگا بەرپرسەکانی پێویست بووە. دوای ڕاپەڕین و تەنانەت هەتا ساڵی ٢٠٠٨یش، نەتوانراوە سیستمێکی یەکگرتووی بۆ دابنرێت. پێمان وایە ئەگەر یەك ناوەندی پەیوەندیدار و بەرپرس بۆ هەردووکیان هەبێت، ئەوا هەر لە سەرەتاوە دەتوانی ئاست و قەوارەی کارەکەت دیاری بکەیت، کە بەداخەوە وەك پێویست نییە.[١] ئەگەر لە سەردەمەکانی پێشتریش هەوڵی بۆ نەدرابێت، دەبوایە لە دوای ڕاپەڕین، یان هەر هیچ نەبێت لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق – ٢٠٠٣– و بوونی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا، هەوڵی بۆ بدرێت، چونکە بوونی ئەم مەرجە لە کتێبی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، بەرەو ئاستێکی زانستی و باشتری دەبات.

٧. هەرچەند هەوڵی زۆر دراوە (کتێبی کوردی) مەرج و پێداویستی زانستی تێدا بێت، بەڵام تاکو بە ئەمڕۆکەش دەگات، ئەم پرسە نەتەوەییە بە تەواوی نەگەیشتووەتە ئاستێکی زانستی... بێگومان ئەمەش کاریگەری خراپی بۆ سەر ئاستی (کتێبی کوردی)ی بەتایبەتی و (ڕۆشنبیری کوردی) بە گشتی هەیە...[٢]

---

١– تەنانەت لە وڵاتانی دراوسێشدا زانستی کتێب بەشێوەیەك پێشکەوتووە، کە توانراوە (داتابەیس)ی بۆ ئامادە بکرێت، کە ئەگەر هەر زانیارییەکی لەبارەی کتێبەکەوە (وەك: ISBN، ناوی کتێب، ناوی نووسەر...) پێبدەیت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆدی پۆلێنی کتێبەکەت بۆ دیاری دەکات. بەپێی ئەو کتێبانەی، کە لە بەرگ و بەشەکانی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا تۆمار کراون، چەند شوێنێکی بەرپرس، یان پەیوەندیدار بە کتێبەوە هەبوون، وەك: (وەزارەتی کاروباری شیمال– کاروباری ژووروو) و (وزارة الثقافة والأعلام). هەروەها پێموایە کتێبی (ژمارە ٤٠)ی ئەم بەرگە، یەکەم کتێبی کوردی بێت، کە ژمارەی سپاردن (٤ی ساڵی ١٩٧١)ی وەرگرتووە. بەهۆی بەدواداچوونەکانمان، لە سەرەتای ٢٠٠٨ـەوە ژمارەی سپاردن یەکخراوە، واتە ژمارەکان دووبارە نەبوونەتەوە، چونکە پێش ئەو مێژووە و بە هۆی ئەوەی، کە پێشتر و لە درێژەی دوو حکوومەتی و دوو ئیدارەییەوە، (هەولێر و دهۆك) بە جیا و (سلێمانی)یش بە جیا، ژمارەی سپاردنیان داوە، هەروەك دواتر دەردەکەوێت لە ساڵێکدا ژمارەیەك بە دوو کتێب دراوە.

٢– بۆ نموونە کتێب هەیە لەلایەن دوو کەسەوە و بە دوو شێوە و ناونیشانی جیاوە، بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە؟! هەروەها کتێب هەیە هەر بە ئامێری کۆپی، چەند دانەیەکی لێ چاپ کراوە؟!

٨. نـــەبوونی لیـــست و داتـــای تـــەواو لەلایـــەن دەزگاکـــانی چـــاپ و بڵاوکردنـــەوەوە. هەرچـــەند زۆرێـــك لـــە دەزگاکـــان، لیـــستی چـــاپکراو و بڵاوکراوەیان هەیـە –هەنـدێکیان هاوکاریـشیان کـردم– تەنانـەت هەنـدێکیان بیبلیۆگرافیای تایبـەت بـە بڵاوکراوەکـانی خۆیـشیان ئامـادە کـردووە، بـەڵام دەزگا هـەبووە تەنانـەت لیـستی چـاپکراوەکانی خۆیـشی ئامـادە نـەبووە؟! هـەروەها دەزگامـان بەسـەرکردووەتەوە، کـە دانەیـەکیان لـە چـاپکراوەکانی خۆیان وەك ئەرشیف هەڵنەگرتووە.

٩. ناسنامەی کتێب: تا ئامـادەکردنی ئـەم بیبلیۆگرافیایـەش، زۆرێك لـە دەزگا و کەناڵـەکانی بڵاوکردنـەوەی کتێـب، بایـەخی تـەواو بـە ئامـادەکردنی ناسنامە (هویة)ی کتێب نادەن. لە زۆر کتێبدا: نۆبەتی چاپ، ناوی چـاپخانە، شوێن (شار)، ساڵ... نانووسن، کە ئەمەش لە هەندێ کاری وەك دۆزینـەوەی ئـەو کتێبانـەی، کـە چـاپی دووەم و سـێیەمیان هەیـە، کێـشەی زۆریـان بـۆ درووست کردین.[١]

---

١– ئەمە وایکردووە، کە لە ئامادەکردنی هەندێ کتێبدا، هەڵە بکەین، یان چەند جارێك ناوەرۆکیـان بـۆ بنووسینەوە و دواتر بە هۆی ئەوەی، کە تەنیا لە چاپی یەکەمدا ناوەرۆکمان داناوە، لابرێت.

١٠. هەنـدێ لـە كتێبخانـەكان ڕێگـەی بردنـە دەرەوەی كتێبـی زۆر نـادەن... كـە ئەمـەش بـۆ خـۆی یاسـا و ڕێسایەكی تایبـەت بـە كتێبخانـە گـشتییەكانە، ئەمـەش لـە سرووشـتی كارەكـەی ئێمـەدا، گرفتـی زۆری بـۆ درووسـت كـردین، چـونكە ئـەم شـێوازە لـە نووسـینەوەی كتێبـدا، لـەناو كتێبخانەكاندا ناكرێت، ئەگەر بشكرێت ئەوا لە ڕۆژێكدا لە چەند دانـە كتێبێك بەولاوە كاری زۆرترت بـۆ ناكرێـت، ناشـكرێت بـۆ چـەند دانـە كتێبێك هـەموو جارێـك بـچیتە كتێبخانـەكان و دیـسان بیگێڕیتـەوە بۆیـان، بەڕاسـتی ئەمـە كارەكەی زۆر دواخست و گرانتری كرد...[1]

١- ئـەم گرفتـە بـۆ كەسـێك، كـە ڕۆژانـە (٧-٩) كـاژێر دەوامـی فـەرمی هـەبێت، زۆر زەحمەتـە، لەلایەكەوە لەبەر ئەوەی لەو كاتەدا، كە ئەم دەوامـی هەیـە، كتێبخانـە و دەزگاكـان كـراوەن، لـە كاتێكیشدا، كـە ئـەم لـە پـشوودایە، وەك ڕۆژانـی هـەینی و شـەممەوان و دوای كـاژێر ٣-٤ی دوای نیوەڕۆ، ئەو شوێنانەش دادەخرێن؟

## چۆنێتیی نووسینەوە و ناساندنی کتێبەکان

لێرەدا بە چەند خاڵێك وردەکاری و چۆنێتی نووسینەوەی (ناسنامە) و (ناوەڕۆك)ی کتێبەکان دەخەینەڕوو:

١. ئەگەر کتێبێك چاپ نەکرابێت دانەنراوە، واتە هەندێ لەو کتێبانەی، کە لە ڕێگەی پرێنتەوە لە کتێبخانەکاندا بوون، وەرنەگیراون، هەروەها نامە ئەکادیمییەکان، یان هەر جۆرە نووسراوەیەکی دیکە، کە لە کتێبخانەکاندا هەبووبن، تۆمار نەکراون، چونکە ئەم پرۆژەیە تەنیا کاری لەسەر (کتێب) کردووە، ئەو جۆرە نووسراوانەش تاکو (چاپ) نەکرێن، ناونیشانی (کتێب) ناچێتە پاڵیان.

٢. هەر کتێبێك ناوەڕۆکی هەبووبێت و بە هەر ناوێکەوە نووسرابێت (پێڕست، ناوەڕۆك، ناوەڕۆك، نێوەڕۆك، ناواخن، سەرباس...) لە سەرەتا بووبێت، یان لە کۆتایی کتێبەکەدا، لە نووسینەوەی ناوەڕۆکدا نووسراوەتەوە.

٣. دەکرێ لە نووسینەوەی ناوەڕۆکی هەندێ کتێبدا، بەتایبەت ئەوانەی خۆیان ناوەڕۆکیان بۆ ئامادە نەکراوە، بەهۆی لاپەڕە هەڵدانەوەوە، چەند ناونیشانێك بوواردرابێت. هەروەها هەندێ جاریش بە هۆی ناونیشانی زۆر و کورتی باسەکانەوە، ناچاربووین چەند ناونیشانێك هەڵبژێرین و هەندێکیان نەنووسینەوە.

٤. لەگەڵ نووسینەوەی ناوەڕۆکی هەر کتێبێکدا ئەگەر کەموکوڕی، یان لەبیرچوون و ناتەواوییەك، یان هەڵەی تایپ لە بوونی ناوەڕۆکی کتێبێکدا هەبووبێت، چاکمان کردووە و لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی خۆیدا نووسیومانەتەوە.

٥. زۆر و کەمی لە نووسینەوەی ناوەڕۆکدا، لەوەوە نەهاتووە، کە زۆر، یان کەم بایەخمان بە کتێبێکی تایبەت دابێت، بەڵکو هەندێك کتێب بە چەند ناونیشان و بەشێك، مەبەست و ناوەڕۆکی کتێبەکەیان بە دەستەوە داوە، لە کاتێکدا لە نووسینەوەی ناوەڕۆکی هەندێك کتێبدا، بۆمان نەکراوە، کە بە چەند ناونیشانێك بیناسێنین... لەبەرئەمانە مەرج نییە قەوارەی کتێبەکە —لە ڕووی کەم و زۆری لاپەڕەوە— پەیوەندی بە زۆری کەمی ناوەڕۆکەکانیانەوە

هەبێت. لە سەرەتادا زۆرتر ناوەرۆکمان دەنووسییەوە، بەڵام دواتر و بەهۆی پێشکەوتنی کتێبی کوردییەوە، کەمتر. لەگەڵ ئەمەشدا و تاکو ساڵی ٢٠١٠یش، ئەوانەی، کە لە بابەتی زۆر پێك دەهاتن، ناچاربووین، کە زێدەڕۆیی لە نووسینەوەی ناوەرۆکی هەندێکیاندا بکەین. هەروەها لە سەرەتادا، لە نووسینەوەی ناوەرۆك، یان ناونیشانەکاندا، هەر چۆنێك بوایە بە هەمان شێوە دەنووسرانەوە، بەڵام کاتێك زانیمان پرۆژەکە زۆر فراوان بووە، ناچاربووین لە هەندێ شوێندا کورتیان بکەینەوە، یان هێمای (...) بۆ تەواوکردنی ناونیشانەکان دابنێین، بە مەرجێك لە بایەخی بابەتەکان کەم نەکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر نووسەر لە نووسینەوەی ناوەرۆکدا خۆی بە کورتی ناونیشانەکەی نووسی بێت و مانا و مەبەستەکەی ناتەواو بووبێت، بابەتەکەمان دۆزیوەتەوە و ناونیشانەکانمان بۆ تەواو کردووە. هەروەها ئەگەر نووسەرەکان بە دوو جۆر ناونیشانیان —لە شوێنی خۆی و ناوەرۆکدا— بە جیاواز نووسیی بێت، کامیان مانا و مەبەستی بابەتەکەی تەواوتر بە دەستەوە دابێت، ئەومان هەڵبژاردووە.

٦.لە نووسینەوەی ناوەرۆکی ئەو کتێبانەی، کە بابەتی زۆر و هەمەجۆریان تێدا بووە، زۆرتر ئەو ناونیشانانەمان نووسیوەتەوە، کە تایبەت بوون بە تەوەری سەرەکی بیبلیۆگرافیاکە، چونکە دانانی ئەو جۆرە کتێبانەمان بە باشتر زانیوە وەك فەرامۆشکردنیان. ئەوانەشی، کە بابەتی زۆر کەمیان تێدا بووبێت، ئەوا ناچاربووین فەرامۆشیان بکەین. هەروەها ئەو کتێبانەی، کە نە ناوەرۆکیان هەبووە و نە ناونیشانیشیان تێدا بووە، یان ناونیشانەکان ژمارە، یان هەر نووسینێکی دیکە بوون، کە مانا و مەبەستی کتێبەکەیان دەرنەخستووە، ناچار لە ڕێگەی (پێشەکی)، یان هەر نووسینێکی دیکەی ناو کتێبەکەمان وەرگرتووە، ئەگەر ئەمانەش هیچیان نەکرابن، ئەوکات خۆمات کورتەیەکمان لەسەر نووسیوە. هەموو هەڵبژاردنێك لە نووسینی پێشەکی، یان کتێبێك لە ڕووی ڕێنووسەوە یەکخراوە، بەڵام لەباری فۆرم و شێوازەوە دەستکاری نەکراوە.

٧.مەرج نییە بۆ هەر کتێبێك، کە چەند جارێك چاپ کراوە، هەموو چاپەکانمان دەست کەوتبێت، بەڵکو هەر چاپێکمان پەیدا کردبێت، لەسەر ئەو چاپە کارمان کردووە و بە پێی کتێبەکە، زانیارییەکانمان نووسیوەتەوە، کەواتە هەر نۆرە چاپی کتێبێکمان گیر کەوتبێت، لەو ساڵەدا دانراوە، کە چاپەکەی تێدا کراوە، ئەگەریش نۆرەی چاپەکانی دیکەمان دەست کەوتبێت، ئەوا کامیان زووترین چاپ بووبێت، (ناوەرۆك) لەگەڵ ئەودا نووسراوەتەوە. زۆربەی ئەو کتێبانەی، کە چاپی دووەمیان هەیە، ناوەرۆکی چاپی دووەممان بۆ چاپی یەکەم داناوە[1]، بێگومان بەپێی پلان و شێوازی ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایە، (ناوەرۆك) تەنیا بۆ یەك چاپیان دەنووسرێتەوە، کاتێکیش جیاوازی لە (ناوەرۆك)دا هەبووبێت، ئەگەر جیاوازییەکە کەم بووبێت، (ناوەرۆك)ی چاپی دووەممان بۆ چاپی یەکەم بردووە، ئەگەر جیاوازی زۆریش لە (ناوەرۆك)دا هەبووبێت، ئەوکات بۆ هەردووکیان نووسراوەتەوە. جگە لە چاپی یەکەم، چاپەکانی دوای ئەو، لە شوێنی خۆیان –ساڵ– بەبێ ناوەرۆك دانراون، هەروەها ئەمەشمان بۆ نووسیوە: بۆ زانیاری زۆرتر، بڕوانە کتێبی ژمارە ؟ کە ژمارەی ئەو چاپی کتێبەیە، کە (ناوەرۆك)ـەکەی بۆ نووسراوەتەوە.

٨.لە نووسینەوەی ناوەرۆکدا، لە نێوان ناونیشانەکاندا ئەم هێمایەمان (/) لە وێرگوڵ (فاریزە)، یان خاڵ پێ باشتر بوو. هەروەها، نیشانە و هێماکانی وەك: (١، ٢، ٣)، یان (أ، ب، ج)، یان باسی یەکەم، باسی دووەم... بەزۆری لابراون و تەنیا ناوی بابەتەکانیان نووسراوەتەوە. کەمترین وێرگوڵ (،) بەکارهاتووە و بەزۆری کراون بە (–) و لە نووسینی نیشانەی نێوان ڕۆژ و مانگ و ساڵیشدا، هەر ئەم نیشانەیە (–)مان بەکارهێناوە.

---

[1]– زۆر کەم هەیە (چاپی دووەم) بە هەمان شێوەی (چاپی یەکەم) چاپ بکرێـەوە، بەڵکو کتێب، کە چاپ دەکرێتەوە، باشتر و فراوانتر دەکرێت. بۆ هەندێکیشیان پەراوێزمان نووسیوە.

٩. بڕیارمان دابوو لە ساڵەکانیشدا بەپێی (ژمارەی سپاردن) ڕێکیان بخەین، بەڵام چونکە لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە ژمارەی سپاردن یەك خراوە، وازمان لێ هێنا. دواتر کتێبی هەر ساڵێکمان بەپێی (تیپ[١])ـەکان ڕیز کرد.

١٠. ویستمان لەبری ئەوەی بۆ هەر کتێبێك ناوی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بنووسینەوە، ژمارەیان بۆ دابنێین، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزگاکان زۆربوون، ناچاربووین وەك خۆیان بیان نووسینەوە.

١١. هەر کتێبێك لەسەر ئەرکی نووسەر چاپ کرابێت، یان هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکرابێت، هیچمان بۆ نەنووسیوە. ئەو کتێبانەشی، کە لەسەر ئەرکی کەسایەتییەکان چاپ کرابن، هەر لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ کراوە.

١٢. ئەو کتێبانەی لەلایەن بەڕێوەبەرێتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپ کراون، هەرچەند هەوڵی زۆرمان داوە، کە ناوەکانیان وەك خۆیان بنووسینەوە، کە دەکرێ بۆ زۆرتر وردبوونەوە لێی، بەپێی (شوێنی چاپ)ـەکانیان جیا بکرێنەوە، واتە ئەو کتێبانەی، کە شوێنی چاپیان (هەولێر)ە، ئەوا یەکێکە لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، یان خانەی وەرگێڕانی هەولێر و بۆ (سلێمانی)یش بەهەمان شێوە[٢].

١٣. هەندێ لەو زانیارییانەی، کە گومانمان لێی هەبووە، نیشانەی پرسیارمان لە شوێن، یان لە تەك زانیارییەکەدا داناوە، هەروەها شوێنی ئەو زانیارییانەش، کە لەبەر دەستدا نەبوون، بە هەمان شێوە.

١٤. ئەگەر لە دیاریکردنی قەوارەی کتێبێکدا هەڵەی چەند سانتیمەتری تێدا بێت، ئەوا دیارە کۆپی کتێبەکەمان لە بەر دەستدا بووە و قەوارەی ئەو

---

١- بەدەستی ئەنقەست (تیپ) نووسراوە نەك (پیت)، چونکە وشەکە لە (تایپ)ـەوە هاتووە.

٢- هەروەها، بە هۆی گۆڕانکارییە ئیداریی و کارگێڕییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بوونی دوو ئیدارە و تێکەڵکردنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە... لەم چەند ساڵەدا، گۆڕانکاری بەسەر ناوی ئەم دەزگایانەدا هاتووە، کە ئێمە هەوڵمان داوە بە پێی کاتی کتێبەکە، بینووسینەوە. بەتایبەت (بەڕێوەبەرابەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە)ی هەولێر، کە لەم ساڵانەدا چەند گۆڕانکارییەك بەسەر ناوەکەیدا هاتووە. جێی ئاماژە پێکردنە، لەسەر بەرگی هەندێ لە بڵاوکراوەکانی (دەزگای وەرگێڕان)ی هەولێر، نووسراوە: دەزگایەکی ئەهلییە...؟!

(کۆپی)ییەمان دیاری کردووە، کە لەبەر دەستماندا بووە، هەروەها هەندێ کتێب، کە (تەجلید) بوون، بۆ ئەوانیش نەتوانراوە قەوارەی تەواویان دیاری بکەین. هەموو ئەو کتێبانەش، کە هیچ قەوارەیەکیان بۆ دیاری نەکراوە و تەنیا نیشانەی پرسیار دانراوە، ئەوە دیارە بە (سکان) بەردەستمان کەوتوون، یان لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراون.

١٥. لە نووسینی ناوی کتێبە کۆنەکاندا، ئەوەندەی توانرابێت و لە فۆنتی کۆمپیوتەردا هەبووبێت، ئەو سەرو بۆرانەشمان داناوەتەوە، کە لە سەردەمەکانی خۆیاندا بەکارهاتوون، تەنانەت ئەگەر هەڵە، یان هەر شتێك لە ناونیشانی کتێبەکاندا هەبووبێت، دەستکاری نەکراون. جگە لەناوی کتێبەکان، هەموو نووسینەکانی دیکە بە فۆنت و ڕێنووسی ئێستا نووسراونەتەوە، تەنیا ناوی چاپخانە، یان ئەگەر بابەتێك بە زمانی عەرەبی، یان هەر زمانێکی دیکە هەبووبێت، بە فۆنتی خۆی نووسراوەتەوە و دەستکاری نەکراوە. ئەگەر ناو، یان ناونیشانێك لەبری کوردی بە فۆنتی عەرەبی نووسرابێت، ئەوا ئەویش بۆ فۆنت و ڕێنووسی کوردی وەرگێڕدراوە[١].

١٦. ئەگەر (ساڵ) لەگەڵ ژمارەی سپاردندا دانرابێت، ئەوا لەو ساڵەدا دانراوە، ئەگەر واش نەبووبێت و لە هەر شوێنێکی دیکەدا ساڵی چاپەکەی بۆ نووسرابێت، ئەو ساڵەی بۆ دانراوە... ئەگەر لە هیچ شوێنێك ساڵی لەسەر نەنووسرابێت، تەماشای کۆتایی (پێشەکی)، یان هەر وتەیەکی سەرەتای کتێبەکە کراوە، ئەگەر ساڵی لە ژێردا نووسرابێت، ئەوا لەو ساڵەدا دانراوە... ئینجا ئەگەر لە هیچ شوێنێکدا ساڵی لەسەر نەبووبێت، ئەوکات لە (نادیار- بێ ساڵ)دا واتە لە کۆتایی کتێبەکاندا دانراوە.

---

١- بۆ نموونە لە نووسینی ناوی (محمد و موحەمەد و محەممەد)دا نایەکچوونی هەیە و هەموویان کراون بە (محەممەد). هەروەها (حوسێن، حسێن، حسەین) کراوە بە (حسێن) و (ڕەواندز، ڕەواندوز...) کراوە بە (ڕواندن)، (علی) بووە بە (عەلی) و بەم شێوەیە هەموو ناوەکان کراون بە کوردی و ڕێنووسی کوردی، ئەگەر لە ناونیشانی کتێبدا بووبێت، دەستکاریمان نەکردووە.

١٧. ئەو کتێبانەی، کە لە ئێران چاپ کراون، ناچاربووین[١]، کە بەپێی جیاوازی (٦٢١) ژمارە، لەگەڵ ساڵی زایینیدا، یەکسانیان بکەینەوە[٢].

١٨. ئەگەر لە پەراوێزدا، وترابێت (ناو)ی کتێبەکە لەسەر بەرگی دواوە بە زمانی عەرەبی، یان ئینگلیزی نووسراوە، ئەوا مەبەست تەنیا لەناوی کتێبەکەیە، ئەگەریش (ناسنامە) وترابێت، ئەوا مەبەست لە کەمێك وردەکاری ناوی نووسەر و دەزگای چاپ و ئەمانەیە.

١٩. نووسەر چ ناونیشانێکی بەکارهێنابێت، بە هەمان شێوەی خۆی دانراوەتەوە وەك: یەکەم بەش: بەشی دووەم... هەروەها ئەو شێوازەی، کە نووسەران ناونیشان و ناوەرۆکیان پێنووسیوەتەوە، دەستکاری نەکراون و تەنیا لە ڕووی ڕێنووسەوە ڕێك خراون، واتە شێوازی نووسین لەلای نووسەران دەستکاری نەکراوە، تەنیا لە ڕێنووسدا یەکخراون.

٢٠. هەر کتێبێك نەکەوتبێتە بەردەستمان و خۆمان ناوەرۆك و ناسنامەمان بۆ ئامادە نەکردبێت، دانەنراوە[٣].

٢١. جگە لە کتێب، هیچ جۆرە بڵاوکراوەیەکی دیکە دانەنراوە، تەنانەت هەندێ بڵاوکراوە، کە لە کتێبیشەوە نزیك بوون[٤]، هەر دانەنراون.

---

١– بێگومان سەری ساڵی زایینی لەگەڵ سەری ساڵی کۆچیی هەتاویدا، ٢ مانگ و ٢١ ڕۆژ جیاوازییان هەیە، واتە کاتێك ٢٠١٢ دێت هێشتا ١٣٩٠ی کۆچیی هەتاوییە، چونکە لە نەورۆزدا سەری ساڵی کۆچیی هەتاوی نوێ دەبێتەوە و دەبێت بە ١٣٩١، بێگومان ئەمەش ئەم جیاوازییە دروست دەکات... بەپێی پەراوێزی دواتر، ساڵەکان دیاری کراون و مانگەکان فەرامۆش کراون.

٢– ئەمساڵ، کە ٢٠١٣ زایینی و ١٣٩٢ی کۆچیی هەتاوییە، کاتێك (٦٢١) ژمارە لە (٢٠١٣) کەم دەکەیتەوە، (١٣٩٢) دەمێنێتەوە، ئەوکات ساڵی کۆچی هەتاوی دەردەچێت: ٢٠١٣–٦٢١= ١٣٩٢. هەروەها بە پێچەوانەوە کاتێك (٦٢١) ژمارە لەگەڵ ساڵی کۆچیی هەتاوی کۆبکرێتەوە، ساڵی زایینی دەردەچێت: ١٣٩٢+٦٢١=٢٠١٣

٣– تەنیا چەند کتێبێکی زۆر کەم –بێگومان دیارە بایەخی تایبەتیان هەبووە– و لە شوێنی خۆیدا ئاماژەمان پێ کردوون.

٤– بۆ نموونە (ڕۆڤار)، کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە کەسایەتییەکانە و (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) دەری دەکات و تاڕادەیەکی زۆریش لە ئەم بیبلیۆگرافیایەوە نزیك بوو، چونکە (کتێب) نەبوو، دانەنراوە. هەروەها ئەو کتێب و نامیلکانەی کۆڕی زانیاری کورد و عێراق، کە جگە لە گۆڤارەکە هەندێکیان وەك کتێب و نامیلکە بڵاو کراونەتەوە، دانراون.

٢٢. ئەو کتێبانەی لە پاشکۆیاندا زنجیرە کتێبی دەزگای بڵاوکەرەوەیان تێدا بووە، ژمارەی ئەو چەند لاپەڕەیەی لیستی چاپکراوەکان، وەك لاپەڕەی کتێبەکە ئەژمار نەکراوە.

٢٣. بڵاوکەرەوەی (سەیدیان) لە شاری (مهاباد)، لە ساڵانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، کۆمەڵێك کتێبی چاپ کردووە، کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، هیچ جۆرە دەستکارییەکی نەکردوون و هیچ ئاماژەیەکیشی لەسەر دانەناون، تێبینیمان بۆ هەندێکیان نووسیوە. هەروەها ڕەنگە لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، هەندێ کەس و لایەن، کاری کۆپیکردن، یان بڵاوکردنەوەی چەند دانەیەکیان بۆ هەندێك کتێب کردبێت، کە لە ناسنامەی کتێبەکاندا، هیچ ئاماژەیەکمان بەو شوێنانە نەکردووە، ئەگەریش زۆر دڵنیا بووبین لێی، بە تێبینی ئاماژەمان پێکردوون.

٢٤. لە ساغکردنەوەی ناوی نووسەر و وەرگێڕدا، هەوڵی زۆرمان داوە، چونکە لە هەندێك کتێبدا بە تەواوی ئاماژەیان پێ نەکراوە، هەروەها هەندێ کتێبی وەرگێڕدراویش، زانیاری تەواوی لەسەر نەبووە، لەبارەی ئەوەی، کە ئایا لە چ زمانێکەوە وەرگێڕدراوە، یان چەند قۆناغی وەرگێڕانی هەبووە... ئەوەندەی توانرابێ، هەوڵی ساخکردنەوەی ئەم زانیارییانە دراوە.[1] هەروەها لە ئاماژەکردن بە (وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی)دا، بەپێویستمان نەزانیوە، کە بۆ هەر کتێبێك بنووسین (وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی)، بەڵکو تەنیا نووسیومانە (وەرگێڕانی لە فارسییەوە، یان وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە)، واتە دوا وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردییە و بەم شێوەیە...

٢٥. کتێبێك ئەگەر لە ساڵی ٢٠١١یشدا چاپ بووبێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠، یان زووتر ژمارەی سپاردنی وەرگرتبێت و کەوتبێتە بەردەستمان،

١– تەنانەت لە پێناوی ساخکردنەوەی ناوی نووسەر، یان وەرگێڕی هەندێ کتێبدا، تەواوی کتێبەکەمان تاووتوێ کردووە، کە هێشتا هەندێ زانیاری بە نادیاری ماونەتەوە... بۆ هەندێکیان سەرنج و پەراوێزمان نووسیوە، بێگومان ئەم خاڵە لە ئامادەکردنی لیستی (نووسەر و وەرگێڕ)یشدا بە هەمان شێوەیە.

دامان نـاوه، هـەروەها بـۆ چـەند کتێبێـك نـەبێت، کـە (ئامـادەکردن)مـان بـۆ نووسیوه، ئەگەرنا بۆ هەمووی (نووسین) دانراوه.

له دامێنی ئەم خاڵانەدا، به پێویستی دەزانین بنووسین، که کـاتی ئـەوه هاتووه زۆرێك له کتێبی کتێبخانـه گشتییەکان، کۆپی، یـان سـکان بکـرێن، چونکه زۆربەیان کەڵکی بەکارهێنانیان نەماوه.

## شێوازی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی کتێبەکان

لە پێشتردا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە لە پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی کتێبی کوردیدا، کێشەی گەورەمان تووش دەبێت، بە تایبەت لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای پۆلێنکراودا، چونکە زۆرێك لە کتێبە کوردییەکان لە بابەتگەلی تێکەڵ و جیاواز دواون، ئەمەش بە جۆرێکی دیکە، دانان و لابردن و پۆلێن کردنی هەندێ کتێب، ئەستەم و گرانتر دەکات. بە واتایەکی دیکە هەندێ لە کتێبە کوردییەکان، بە شێوازێکی وا نەنووسراون، کە خانەیەکی (پۆلێن-تصنیف)ی تایبەت وەربگرن، ئەمەش وادەکات، کە تووشی گرفتی پۆلێن ببین و نەتوانین تەواوی کتێبەکان بە شێوەیەکی زانستی پۆلێن بکەین؟[١]

لە پێناوی پۆلێنکردنی کتێبەکانی نێو ئەم بیبلیۆگرافیایە، تووشی گۆڕانکاری و ئاستنەگی زۆر بووین... هەروەها لەو بەشەی، کە چاپ کرا، پشتمان بە چەند سەرچاوەیەك بەست و کتێبەکانمان پۆلێن کرد و ٤١٢ کتێبی تێدا کۆکرایەوە. بەهۆی ئەوەی، کە لە چەند شوێنێکدا ئاماژەمان بە جیاوازی بابەت کردووە لە کتێبە کوردییەکاندا، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی بەشێوەیەك پۆلێنی بکەین، کە کتێب دووبارە ببێتەوە، واتە کتێبێك، کە لە چەند بابەتێکی جیاواز پێك هاتووە، لە هەموو ئەو بەرگانە دابنرێت، کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە. هەرچەند ئەم پلانەمان جێبەجێ کرد و ئەرکێکی زۆرمان لەگەڵ کێشا، دواتر بۆمان دەرکەوت، کە ئەمەش لایەکی گرفتەکە چارەسەر دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ناتەواوی و کاری نازانستی لە بیبلیۆگرافیاکەدا چێدەکات. لەبەرئەمە ئەو پلانەشمان تێکدایەوە و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو کتێبانەی چەند بابەتێکیان لە خۆگرتووە، لەو بەرگە دابنرێن، کە پێشتر چاپ دەبێت، واتە هەموو بەرگەکان ببنە تەواوکەری یەکتر.

---

١- لەبەر ئەم هۆیانەیە، کە تا هەموو بەرگەکان تەواو نەبن و چاپ نەکرێن، ناکرێ ڕەخنەی ئەوە بگیرێت، کە فلان کتێبی تێدا نییە، چونکە ڕەنگە بەهۆی پۆلێنکردنەوە لە بەرگێکی دیکەدا دانرابێت.

پێمـان وایـە تـەنیا (سیـستمێکی ئـایتی) ئـەم کێـشەی پۆلێنــە چارەســەر دەکات... کە هیوادارم لە داهاتوودا بتوانین ئامادەی بکەین.[1]

جگە لەو کتێبانەی، کە تاڕادەیـەك بابـەتی سـەربەخۆن، ئـەوانی دیکـە بـەم شـێوەیە پـۆلێن کـراون، کـە لێـرەدا بـە پێویـستی دەزانـین چـەند سـەرنج و ڕێنماییەکیان بۆ بنووسین، بێگومان ئەم خاڵانە مەبەست لێـی هـەموو بەرگـەکانی پرۆژەکەیە:

١. کتێبەکان بەپێی (ناوەرۆك)ـەکانیان پۆلێن کراون نەك ناونیشان.

٢.لێکۆڵینەوە لەبارەی کەسایەتی و نـاودارانی کـورد، بـەپێی تایبەتمەنـدی کەسایەتییەکە پۆلێن کراوە، واتە هەر یەکێکیان بـەپێی تایبەتمەنـدی خۆیـان لە بەرگ و بەشەکاندا دانـراون. هەندێکیـشان ئەگـەر لـە ڕوویـەکی تایبەتـەوە قسەی لەبارەی کەسایەتییەك کردبێت، ئەوا لەو باسە تایبەتەدا دانراوە.[2]

٣.ئیسلامی سیاسی کراوەتە مێژووی هاوچەرخەوە و لە ئاییندا دانەنراوە.

---

١– لە پۆلێنکاری و جیاکردنەوەی بەرگەکان و دابەشکردنی کتێبەکاندا، چەند کتێبێك وەك سەرچـاوە، لەبەرچاوە گیراون:

- دەستپێك لە زانستی کتێبخانـە و زانیارییـەکان، نووسـینی: د.ڕەبحـی مـستەفا عـەلیان و د.ئـەمین ئەلنەجـداوی، وەرگێڕانـی لــە زمـانی عەرەبییــەوە: شـێرزاد سـەعید محەممـەد (گـوێزە)، لــە بڵاوکراوەکـانی بەڕێوەبـەرێتی گـشتیی ڕۆژنامەنووسـیی و چـاپ و بڵاوکردنـەوە– بەڕێوەبەرایـەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چ (ڕوون)، سلێمانی، ٢٠١٢.
- مێژوو– کورتە باسێکی مێژوو و کورد و مێژوو، نووسینی: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپی یەکەم، چ (دار آفاق عربیة)، بەغداد، ١٩٨٣
- بیبلیۆگرافیای کوردناسی– کورد و کوردستان لە سەرچاوە فرەنسییەکاندا، د.نەجاتی عەبدوڵلا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چ (حاجی هاشم)، هەولێر، ٢٠٠٩
- هەروەها کەڵك لە شێوازی پۆلێن کردن و بەرگەکانی (ئینسکلۆپیدیای هەولێر)یش وەرگیراوە. ئەمـە جگە لە پرس و ڕای کەسانی شـارەزا، هـەروەها ئـەزموون و کـارکردنی چـەند سـاڵەمان، لـە بـواری کتێب و کتێبخانە و ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیادا...

٢– بۆ نموونە قسەکردن لەسەر کەسێکی وەك (پیرەمێرد) ئەگەر لەبارەی (ڕۆژنامەگەری)ی پیرەمێـردەوە بوو بێت، ئـەوا لـە بـەرگی (ڕاگەیانـدن)دا دانـراوە، بـەڵام ئەگـەر نووسـەرێك لـەبارەی شـیعر و ئـەدەبیاتی (پیرەمێرد) قسەی کردبێت، ئەوا لە (ئەدەب)دا دانراوە...

٤. چاوپێکەوتن و دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکان، هەر لەو بەشانە دانراون، کە تەوەری بابەتەکەیان هەڵگرتووە. وتاریش بەهەمان شێوە، واتە بەپێی ناوەرۆکی وتارەکان پۆلێن کراون: ئەگەر ئەدەبی بووبێت، لە ئەدەب و ئەگەر سیاسی بووبێت لە مێژووی هاوچەرخ و بەم شێوەیە...

٥. ئەو کتێبانەی، کە پەیوەندییان بە (کتێب و نووسەر و بیبلیۆگرافیا)وە هەیە، زۆربەیان لە بەشی (ئەدەب)دا دانراون، تەنیا ئەو بیبلیۆگرافیایانە نەبێت، کە پەیوەندییان بە بابەتێکی سەربەخۆوە هەیە.

٦. کتێب هەیە لە ڕوانگەی ئەو کارانەی وەك مێژوو پشتیان بە (فۆلکلۆر) بەستووە لە (بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی)دا دانراون، کە ناچاربووین هەندێکیان لێرەشدا دووبارە دابنێینەوە، هەروەها هەندێ لەو کتێبانەی، کە لەوێدا وەك سەرچاوەی لاوەکی دانراون، لێرەدا بەتەواوی دانراونەتەوە.[1]

٧. ئەو کتێبانەی نەگرتووەتەوە، کە مێژووی کوردیان کردووە بە میتۆد بۆ نووسینی ڕۆمان و شانۆنامە و چیرۆك، یان مێژوویان بە هۆنراوە گێڕاوەتەوە.

٨. ئەگەر کتێبێك کورتە باس و بابەتی ڕۆژنامەوانی لە خۆگرتبێت و بابەتەکان پەیوەست بووبن بە یەکێك لە بەرگەکانی ئەم بیبلیۆگرافیایەوە، جێگەمان کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر کتێبێکی لەم جۆرە هیچ بابەتێکی تایبەت بە (کورد و کوردستان)ی تێدا نەبووبێت، ئەوا دانەنراوە.

٩. هەندێ کتێب وەك سەرچاوە لەسەر (مێژوو) نووسراون و پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەیە، لێرەدا دانراون، بەڵام کتێبێك، کە لەسەر مێژوویێك بووبێت و هیچ پەیوەندی بە بەرگەکانی ئەم بیبلیۆگرافیایەوە نەبووبێت، دانەنراوە، تەنیا هەندێ لەو کتێبانەمان داناوە، کە نووسەرەکانیان کورد بوون.

---

ناڤەرۆك/ بۆچی ئەڤ کتێبە؟/ پشکا ئێکێ– هەندێ بابەتی وەك: بەرۆژ/ بارزان/ دەربارەی جەمادانیا سۆر/ مزگەفتا بارزانی/ دانان تەکیایێ/ شێخ عەبدولسەلامێ ئێکێ/ شێخ محەممەد بارزانی/ فەتاح ئاقا/ پەناه برن بۆ چەکی/ سۆلتان ئیغایێ بێرسیڤانی/ ئەحمەد ئاغایێ بیرسیڤانی/ دەرئێخستنا فەتاح ئاغایی ل بەرۆژ/ رەوشا مریدا/ رەوشا جڤاکی/ رەفتار دگەل ئایینێت دی/ محەممەد سدیقێ نەهری/ پەیوەندی دگەل بجیلێ/ هەولێن تۆلێ/ شەرێ کەلاتێ و بجیلێ/ پیلان گێری و گرتنا شێخ محەممەد/ گەرانەڤە بۆ بارزان/ هەڤبەندی و داگیرکرنا دەڤەری/ گرژی و ئالوزی د بەینا هەڤبەندیێ/ سەرهەلدانا ١٨٩٥ێ زایینی/ گەردی/ تەناهی و وەفاتا شێخ محەممەد بارزانی/ پشکا دوویێ: سەردەمێ شێخ عەبدولسەلامێ دوویێ– بزاڤا نەتەوەیی– هەندێ بابەتی وەك: بزاڤا نەتەوەیی ل نێڤ چینێن کوردا/ شێخ عەبدولسەلام بارزانی یێ دوویێ/ چەند دێرەك ل ژیانا شێخ عەبدولسەلام بارزانی/ رەفتار بەرامبەر دەوروبەرا/ هەولێن تیرۆری/ شەرێ چیایێ پیرس/ نەفیر عام/ داستانا سەرێ بازێ ١٩٠٩ز/ بارودوخ پاش شەرێ بازی/ دانوستاندن/ خاستێ نەتەوەیی/ شەرێ دوویێ دژی بارزان/ چەند تێبینییەك برێکا مشخەتیێ ڤە/ غەدر و خیانەت/ شەهیدکرنا شێخ عەبدولسەلام بارزانی ١٤–١٢–١٩١٤/ دویماهی/ سەرچاڤێت ڤێ کتێبێ/ پاشبەند.

---

١– (هـ. حەیدەری: ؟)

**٣٤٣. جۆگەی عاشقان- دۆزینەوەی نهێنیەکانی پرۆژەی ئاوی سەنحاریب کە دەگەڕێتەوە بۆ (٢٧٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا و - هەوڵێك بۆ نۆژەنکردنەوەی**

نووسین: عبدولخالق سەرسام

چاپ: یەکەم، چ: و- ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ١١٢٨، س: ٢٠٠٧، ل:٤٨، ق:١٦×٢٣[1]

ناوەرۆك:

پێشەکی/ هەندێ بابەتی وەك: ناو و شوێنی جوگرافی قولی لانی سەنحاریب/ ئاریەکان و کارێز و جۆگە لە سەردەمی میدیا و هخامەنشییەکان/ نهێنی جۆگە ئاوی تونێلەکە/ پرۆژەی ئاو لەلای سەنحاریب/ دۆزینەوەی شوێنەوار و ڕاستکردنەوەی مێژوو و چەند تێبینییەکی مێژوویی/ تیبێینی/ سەرچاوە یان هەندێ زانیاری کە پێش ئەم لێکۆلینەوەیە بلاّو کراونەتەوە/ تابلۆ مسمارییەکەی قولی لان/ دەرئەنجام و پێشنیار و سوپاس/ ئەرشیفی وێنە بەڵگەدارەکان (ڕەنگین)/ وێنەی نووسەر و لە چەند دێرێکدا.

**٣٤٤. جەنگی دەروونی لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبییدا**

نووسین: ئاراس فەریق زەینەڵ

لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژس: ٥٤، س: ٢٠٠٧، ل:٢٣٩، ق:١٧×٢٤[2]

ناوەرۆك:

پێرست/ پێشەکی/ شیکردنەوەی سەرچاوەکان/ بەشی یەکەم: پێناسە و چەمکی جەنگی دەروونی/ بەشی دووەم: جەنگی دەروونی ستراتیژی/ بەشی سێیەم: جەنگی دەروونی تەکتیکی/ بەشی چوارەم: ڕاگەیاندنی دەروونی/

---

١- (گ.هـ: مێژوو ٣١٢)

٢- (گ.س.ش: ج.أ ٣٢)

بەشی پێنجەم: شێوازەکانی تری جەنگی دەروونی/ جەنگی دەروونی بەهێزکراو/ جەنگی دەروونی بەرگری/ جەنگی دەروونی هێرشبەر/ ئەنجام/ لیستی سەرچاوەکان/ پاشکۆکان.[1]

**٣٤٥. حەسەن سەباح- خوای ئەلەموت- بەرگی دووەم**

نووسین: پول ئامیر

وەرگێڕانی؟ بۆ فارسی: زەبیحوڵڵا مەنسووری

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمەی حەمە سەعید

چاپ: یەکەم، چ: قانع، ش: سلێمانی، ژس: ٥٧٤، س: ٢٠٠٧، ل:٥٢٢، ق:١٦×٢٣[2]

ناوەرۆك:

خوێنەری بەڕێز: حەمەی حەمە سەعید/ ناوەرۆك/ پیلانی ڕفاندنی بەرکیارق لە زیندان/ بەرکیارق لە قەڵای ئەرجان/ تورکان خاتوون و بەرەکەتولقەیس/ دژایەتی تورکان خاتوون لەگەڵ تەنش/ پیلانی کوشتنی ئەبو حەمزەی کەفشگەر/ دادگایی کردنی تورکان خاتوون/ کوشتار لە ئەسفەهان/ داواکارییەکانی تورکان خاتوون لە حەسەن سەباح/ جەوادی ماساڵی لەبەردەم تەنشدا/ تەنش دەستگیرکرا/ سەرەتای فەرمانڕەوایەتی بەرکیارق/ بەرکیارق بۆ دانیشتن لەسەر تەختی پاشایەتی گەیشتە ئەسفەهان/ نەخۆشی حەسەن سەباح/ زەمینە سازی بۆ کوشتنی حەسەن سەباح/ وتەکانی حەسەن سەباح پێش لە هەوڵدان بۆ کوشتنی/ جوادی ماسالی لێبڕا بۆ کۆشتن و لەناوبردن/ سەرەتای کوشتنی تورکان خاتوون/ سوپای کوردەکان بۆ گرتنی ئەلەموت کەوتە ڕێ/ دواین کاتەکانی تەمەنی خوای ئەلەمەوت/ مەرگی حەسەن سەباح.

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، کورتەیەك لەبارەی (جەنگی دەروونی)یەوە نووسراوە.

٢- (ئنستیتیوت: ١٢/ ٧٤٣)، (گ.س.ش: حاکم قادر ٤٠٣)

**٣٤٦. دەوڵەتی عوسمانی- هۆی گەشەسەندن و ڕووخانی**

نووسین: د.عەلی محەممەد ئەلسەلابی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد– نیهاد جەلال حەبیبوڵڵا

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی نارین– هەولێر+ دار المعرفة لبنان

چاپ: یەکەم، چ: دارالمعرفة، ش: لوبنان، ژس: ٨٤٥، س: ٢٠٠٧، ل:٧٧٣، ق:١٧×٢٤[١]

ناوەرۆك:

ناوەرۆك/ ئێمەی وەرگێڕیش قسەیەکمان هەیە/ پێشەکی/ دەروازە/ بەشی یەکەم: ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی تورکەکان/ بەشی دووەم: بەرقەراربوونی دەوڵەتی عوسمانی و جەنگە ئازادیخوازەکان/ بەشی سێیەم: محەممەدی فاتیح و فەتحکردنی قوستەنتەنییە/ بەشی چوارەم: سوڵتانە بەهێزەکانی دوای محەممەد فاتیح/ بەشی پێنجەم: سەرەتای پووکانەوەی دەوڵەتی عوسمانی/ بەشی شەشەم: سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید/ بڵاوبوونەوەی دیاردەی شیرك و بیدعە و ئەفسانە/ سۆفیەتی لادەر/ ئامادەنەبوونی سەرکردایەتی لە خوارتر/ بڵاوبوونەوەی ستەم لە دەوڵەتدا/ زێدەڕۆیی دونیایی/ ناکۆکی و دووبەرەکی/ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە/ موجاهیدی گەورە حەسەن ئاغای تووشی/ موجاهید حەسەنی کوڕی خیرەددین بربرۆسە/ سەرچاوەکان/ ناوەرۆك.

---

١– (گ.هـ: مێژوو ٤١٤ و ٤١٥)

### ٣٤٧. دوو سەدە بێدەنگی

نووسین: د.عەبدولحسێن زەرینکوب

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: موسای مەمەدەرەش- ڕێباز مستەفا

پێشەکی: پ.د.موحسین محەممەد حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوە موکریانی

چـــاپ: یەکـــەم، چ: خـــانی، ش: دهـــۆك، ژس: ٣٩٩، س: ٢٠٠٧، ل:٣٥٨، ق:١٦×٢٣[١]

ناوەرۆك:

ناوەرۆك/ ژیاننامـەی نووسـەر/ پێشـەکی: پ.د.موحسـین/ چـەند سـەرنجێکی پێویست: هەردوو وەرگێڕ (لێرەدا هاتووە: ئـەم بەرهەمـەی بەردەست دەبـوا زۆر زووتر بکرایەتە کوردی چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو زوڵم و مەینەتـەی کە بەدرێژایی ئەو دوو سەدەیە لە گەلانی ئێران کراوە، بەشـی هـەر زۆری بـەر گەلی کورد کەوتووە و بـە شـێوەیەکی بێلایەنانـە لـە دوو تـوێی ئـەم کتێبـەدا خواوەتەبەر دیدەی خوێنەر...)/ ١- فەرمانڕەوایانی بیابان: ڕۆژە ئارامەکان/ بیابـان نیشـنان/ حـیرە/ بـەنی لـەخم/ هامـاوەران/ پادشـاکانی حیمیـەر/ هەوەڵانی ئوخدود/ ڕکابەرییە بازرگانییـەکان/ هـاوەڵانی ئوخـدود- هـاوەڵانی فیـل/ زی یـەزەن/ سـەیفی کـوڕی زی یـەزەن/ ڤـەهرەزی دیلـەمی/ کـوژرانی سەیفی زی یەزن/ ئێرانییەکان لەیەمـەن/ ٢- لافـاو و لم: پـەیامی محەممـەد/ ئـایینی تـازە/ دەسـتدرێژی عارەبـان/ ئامادەکـاری جـەنگ/ لـە قادسـیەدا/ ئەنجامی جەنگ/ بەرەو مەدائن/ غەزووی مەدائن/ جەنگی جەلەولا/ شووشتەر و شـووش/ لـە بـارەی خیانەتـەوە/ دوایـین نەبـەرد/ غـەزووی نەهاوەنـد/ ٣- ئـاگری دامرکـاو: سـەرەتای کارەسـاتێك/ بەرخۆدانـە ناوچـییەکان/ کوشـتنی عومـەر/ ڕەفتـاری غـەزووکارانی عـارەب/ مـەوالی و بـەنی ئومەییـە/ بـاڵاتریی ئێرانییەکان/ سەرهەڵدانی موختـار/ حـەجاج/ عەبـدولڕەحمان/ سـەرهەڵدانی

---

١- (ئنستیتیوت: ١٢/١٢٧٨)

زەیدی کوڕی عەلی/ یەحیا کوڕی زەید/ ڕووخانی ئەمەوییەکان/ ٤- زمانی ون بوو (ونکراو): نەوا دێرینەکان/ پەیمانی نوێ/ زمانی ون بوو/ سووتاندنی کتێب/ گواستنەوەی دیوان- بە عارەبی کردنی دیوانەکان/ دەستپێکی بێدەنگی/ هاواری کوژراوەکان/ ئاهەنگی فارسی/ گۆرانییەك لە بەسرە/ سروودێك لە بەلخ/ ٥- ئالای ڕەش: بەرەبەیانی هەڵسانەوە/ پشێوی بارودۆخ/ ئەبو موسلیم/ لاوازی عەرەب/ ڕەشپۆشەکان/ ڕووداوی زێ/ بەئافەرید/ نیگەرانی مەنسوور/ ئاکامی ئەبو موسلیم/ تۆڵەی ئەبو موسلیم/ ڕاوەندییەکان/ سەنباد/ ئوستارسیس/ لە هەموو شوێن شۆڕش/ ٦- ئەوبەری ڕووباری جەیحون: ماوەرائەنەهر (ئەوبەری ڕووبار)/ خاتوونی بوخارا/ قوتەیبەی کوڕی موسلیم/ گرتنی سەمەرقەند/ ئیسحاق تورك/ نێردراوی ڕووبەنددار/ ٧- شاری هەزار و یەکشەوە/ دروستکردنی بەغدا/ شاری هەزار و یەکشەوە/ خەلیفەی بەغدا/ دەوڵەتی عەبباسییەکان/ بەرمەکییەکان/ شکانی بەرمەکییەکان/ مەیموونەکەی زوبەیدە/ بەرمەکییەکان و عەلەوییەکان/ عەلی کوڕی عیسا/ حەمزە کوڕی ئازەرەك/ لە دەربارەی خەلیفەدا/ بنەماڵەی سەهل/ لە هەموو جێیەکدا شۆڕش/ لە بەغدا/ گەڕانەوە بۆ بەغدا/ ٨- بانگەوازی هەڵسانەوە: هەستانەوەی ئێران/ خوڕەم دینان/ جیاوازی لە ڕیوایەتەکان/ بابەك/ ڕیوایەتە هەڵبەستراوەکان/ ڕاپەڕینی بابەك/ ئەفشین و مازیار/ تورکانی بەغدا/ ڕکابەرایەتی فەرماندەکان/ دەربارەی بابەك و ئەفشین/ بیزەنتییە- بیزانس/ تیۆفۆبووس/ شەڕەکانی بابەك/ جەنگ و فێڵ/ گرفتاربوونی بابەك/ ئاکامی بابەك/ ئەفشین/ ئەشروسنە/ لە خزمەتی خەلیفەدا/ ڕەوشی خوراسان/ ڕکابەرایەتیکردن دژی تاهیرییەکان/ بەدگومانی خەلیفە/ مازیار/ مازیار و تاهیرییەکان/ گەمەی ئەفشین/ ڕاپەڕینی مازیار/ دووسەد و بیست و چوار/ شکست/ ئاشکرابوونی پیلان/ دووژمنانی ئەفشین/ ئەحمەدی کوڕی ئەبو داود/ لە ئازەربایجان/ تێکشانی ئەفشین/ لە هەولی ڕاکردندا/ دەستپێکی پیلان/ دادگایی کردنی ئەفشین/ ئەفشین و مازیا/ سەرەنجامی ئەفشین/ تاهیرییەکان/ ٩- شەڕی باوەڕ/ نەبەرد لەنێو

ڕووناکیدا/ ئایینی زەردەشت/ گەندەڵی و ناکۆکی/ ئایینی مانی/ مەزدەك/ زەندەقە و لێکدانەوەی بنەماکان/ زەرڤانییەکان/ گومان و سەرسوڕمان/ ئایینی عیسا/ ئایینی بودا/ مشتومڕە فەلسەفییەکان/ فەلسەفەی دوالیزم/ زەندیقییە/ عەبدوڵڵا کوڕی موقەفەع/ بەشار کوڕی بورد/ بڵاوبوونەوەی زەندیقی/ مەئموون و کۆڕەکانی هەڤپەیڤین/ هەڤپەیڤینی سەنەوی/ وتەی گومانشکێن/ گوجەستیك ئەبالیش/ شعووبییەکان/ ١٠- کۆتایی شەوێك: دوایین ساڵەکان/ نفووز و ئوتوریتەی تورکەکان/ ستەمکاری کاربەدەستان/ گەندەڵیی حکوومەت/ وەزیرەکان/ سامانی وەزیرەکان/ جزیە و خەراج/ ئەهلی زیمە/ ستاندنی خەراج/ نەریتی ئیلجا= پەنا/ ئاشووب و ڕاپەڕین/ وێڵگەرد و (عەیاران) ڕێگرەکان/ ستەمکارییەکان/ گەندەڵی عارەب/ دوای دووسەد ساڵ/ دوورنمایەك/ یادداشتەکان/ منابع الکتاب.[1]

**٣٤٨. زەرتەشت**

نووسین: عەبدوڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)

چاپ: دووەم[2]، چ: تیشك، ش: سلێمانی، ژس: ٣١٦، س: ٢٠٠٧، ل:١٥٥، ق:١٧×٢٤[3]

ناوەرۆك:

چەند دێڕێك: د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ/ بەشی یەکەم: جێگای سەرەتای ئارییەکان و کۆچکردنیان/ مێژووی کۆچکردن و ڕێگای جموجۆڵی ئارییەکان/ ئاری بە واتای چییە؟/ ئایین و پەرستنی ئاری لە پێش دەرکەوتنی زەرتەشدا/ زمانی میللەتانی ئارییەکان لە سەرەتای کۆچکردنیاندا/ بەشی دووەم: میللەت و هۆزە سەرەتاییەکانی کوردستان/ (لۆلۆیی لۆلۆ)/ گوتی/ کاسی (یا کاشی)/

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، کورتەیەك لەبارەی کتێبەکە نووسراوە.

٢- چاپی یەکەم لە ساڵی ١٩٩٧ لە (ستۆکهۆڵم) چاپ کراوە، کە دەستمان نەکەوتووە؟

٣- (ئنستیتیوت: ١١/ ٤٠٣)

میتانی/ سوبارتو/ هوری/ میدیا – ماد/ تیره سکاییەکان/ بەشی سێیەم: جێگای لە دایکبوونی زەرتەشت/ مێژووی لەدایکبوونی زەرتەشت/ ناوی زەرتەشت/ ئایین/ بنەماڵەی زەرتەشت و بوونی بە پێغەمبەر/ بەشی چوارەم: نموونەیەك لە نووسینی (دێن دەبیری) ناوەرۆکی ئاڤێستا/ ئاڤێستا/ ناسینی ئاهورامەزدا/ ئەردویس و ئاهورامەزدا/ بەهرام/ چۆنایەتی پەیوەندی ئاهورامەزدا/ ناوەکانی خوداوەند/ بەشی پێنجەم: فروهەر/ بەهەشت و دۆزەخ لە ئایینی زەرتەشدا/ سەردان و دیدەنی زەرتەشت بۆ لای ئاهورامەزدا/ چوار شتە پیرۆزەکەی زەرتەشتییەکان/ ساڵ و مانگ و ڕۆژمێری زەرتەشتییەکان/ جەژن/ کراس و پشتوێن/ نوێژکردن/ زەرتەشت پرسیار لە ئاهورامەزدا دەکات/ ئاهەنگی ناونانی منداڵی تازە لە دایکبوو/ سپنتامینو– ئەنگرەمینو/ پزیشکیی لە ئایینی زەرتەشدا/ ژنهێنان/ سەگ لە ئایینی زەرتەشدا/ ئەنجام/ ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم کتێبە بەکارهاتوون.

**٣٤٩. سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا- پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی و شەڕو جەنگە گرنگەکانی**

نووسین: پ.د.موحسین محەممەد حسێن

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عوسمان عەلی قادر

لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك

چاپ: یەکەم، چ: نووسەر، ش: سلێمانی، ژس: ٦٨٢، س: ٢٠٠٧، ل:٥٧٢، ق:١٦×٢٣[١]

ناوەرۆك:

پێشەکی/ ڕوونکردنەوەی ژێدەر و سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە/ بەشی یەکەم: لەسەر داموەزگا سەربازییەکان/ کەرتی یەکەم: کۆتایی دەوڵەتی فاتمی و دامەزراندنی سوپای ئەییوبی/ کەرتی دووەم:

---

١– (ژین: ٩٥٣.٠٧٣٩٣/ ح٤٤٨)، (گ.س.ش: حاکم قادر ٦٢٥)

سیستەم و ڕێکخراوەکانی سوپای ئەییوبییان/ کەرتی سێیەم: دامودەزگای یاریدەدەری ڕێکخستنی سوپا و هەڵسووڕاندنی کاروباری کوشتار و ئاشتی و دیلەکان/ کەرتی چوارەم: چەکەکانی سوپای ئەییوبییان/ کەرتی پێنجەم: هێزی دەریایی ئەییوبییان/ کەرتی شەشەم: (باسی و جەنگ و شەڕەکان): بەناوبانگترینی جەنگەکانی سەلاحەددین/ کەرتی حەوتەم: ڕووداوە لەشکرییەکانی ماوەی نێوان گەمارۆکەی (عەکا) و گەمارۆی شاری (یافا).[١]

**٣٥٠. سنووری خوارووی کوردستانی باشووری لەسەدەی نۆزدەهەمدا**

نووسین: د.سەعدی عوسمانی هەروتی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

چاپ: یەکەم، چ: خانی، ش: دهۆك، ژس: ٤١٥، س: ٢٠٠٧، ل:٨٠، ق:١٦×٢٢[٢]

ناوەرۆك:

پێرست/ گوتەی بەرایی/ پێشەکی/ دەروازە/ سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ ناوچەی ژەنگار و ڕۆژئاوا و باکووری مووسڵ/ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ/ ڕۆژئاوای هەولێر و کەرکووك/ چیای حەمرین و ناوچەکانی باکووری/ مەندەلی و بەدرە و جەسان/ تەوژمی کۆچکردنی هۆزە عارەبەکان بۆ کوردستان/ دەرەنجام/ لیستی سەرچاوەکان/ Abstract/ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی/ پاشکۆکان.

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، کورتەیەك لەبارەی کتێبەکە نووسراوە.

٢- (ئنستیتیوت: ٦٨/١٧)

### ٣٥١. سوڵتانە عوسمانییەکان

نووسین: د.فەرهاد پیرباڵ

چـاپ: یەکـەم، چ: ڕەنـج، ش: سـلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٧، ل:٨٥، ق:١٩×٢٣[1]

ناوەرۆك:

سوڵتانە عوسمانییـەکان/ بـەرایی/ بەئیسلام کردنـی ڕۆژهـەڵات/ نەتـەوەکانی ئەنادۆڵ لە سەدەی سیازدەیەم و چـواردەیەمدا/ سـوڵتانەکان/ بڵاوبوونـەوەی دەسـەڵاتی عوسمـانی لـە ١٤٠٣– ١٦٨٣/ داگیرکـەرەکان/ پاشەکشـە و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی عوسمانی ١٦٩٩– ١٩١٤.

### ٣٥٢. سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی- بەرگی یەکەم

نووسین: حسێن حوزنی موکریانی

کۆکردنەوە و لە چاپدانی: دەزگای ئاراس

بە سەرپەرشتی: د.کوردستانی موکریانی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چـاپ: یەکـەم، چ: ئـاراس، ش: هـەولێر، ژس: ٣٨٤، س: ٢٠٠٧، ل:٦٠٠، ق:١٦×٢٣[2]

ناوەرۆك:

دەسـتپێك/ پێشـەکی: د.کوردسـتانی موکریـانی/ غونچـەی بەهارسـتان: تـاریخی کوردان/ خۆشی و ترشی لە نێوان دڵ و دەروونێکی بێ کەسیدا هاوار و بـانگێکی بەڕاستییە/ ئاوڕێکی پاشەوە– (بەندی دووەم): حکوومـەتی بـەرزەکانی/ بـەرگی دووەم– ئاوڕێکی پاشەوە– جزمی چوارەم: پادشایەتی چەند بنەماڵەیێکی کـورد لـە کوردسـتاندا/ بـەرگی دووەم– ئـاوڕێکی پاشـەوە– جزمـی یەکـەم: ئومـەرا و

---

١– (ئنستیتیوت: ٧٤١/١٢)

٢– (ئنستیتیوت: ٥٢٩/١٣)، (وشە: ٩٥٦.٦٧/ ح٣٣٨)، (گ.س.ش: حاکم قادر ٥٩٧)

حوکمـدارانی بـەناوبانگی کوردسـتانی/ مێـژووی نـاودارانی کـورد هــی عەسـری سـیازدەیەمی هیجـری لـە سـاڵی ١٢٠٠ هـەتا ١٣٠٠هـ/ ئـاوڕێکی پاشـەوە- بـەرگی دووەم- جزمــی ســێیەم: پادشــایانی بنەماڵــەی عــەلی گچــکەو../ دێڕێکــی پێشـکەوتن: مێـژووی دوو دەوڵـەتی مـەزن (دوشـتێکباز- هەزبانی)یـە/ تـاریخی حوکمدارانی بابان لە کوردستانی شـارەزوور و ئەردەڵانـدا/ مێـژووی کـورد و نـادر شاه لە خاکی ئێرانا/ مێژووی شاهنشاهی کوردی زەند/ پێڕست.[1]

**٣٥٣. سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی- بەرگی دووەم**

نووسین: حسێن حوزنی موکریانی

کۆکردنەوە و لە چاپدانی: دەزگای ئاراس

بە سەرپەرشتی: د.کوردستانی موکریانی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چــاپ: یەکــەم، چ: ئــاراس، ش: هــەولێر، ژس: ٣٨٤، س: ٢٠٠٧، ل:٦٢١، ق:١٦×٢٣[2]

ناوەرۆك:

مێژووی میرانی سۆران/ پێشـەکی: گ. موکریـانی/ کوردسـتانی موکریـان یـا ئاتروپاتین ئازەربایجان/ هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستاندا/ وێنەگری و کۆڵین زەنگـۆغرافی بـەزانین و تاقیکردنـەوە- وێنـەی کـۆڵان بەتیشـکی ڕوونـاکی/ مێـژووی دوو سـاڵەی کوردسـتانی جنـووبی/ چـلۆنی سـەربهوردی ئیسـماعیل خان- سمکۆی شکاك/ شاری سلێمانی لـە ١٩٣٤دا/ شـاری کۆیـە لـە پـاییزی

---

١- بۆ زانیاری زۆرتر لەبارەی ناوەرۆکی ئەم کتێبە و ئەمەی دواتـر، دەتـوانی بگەڕێیتـەوە وردەکـاری ناوەرۆکی چاپی یەکەمی کتێبەکانی ژمارە ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧ هەروەها ناوی ئەم نووسەرە لە لیستی نووسەراندا.

٢- (ئنستیتیوت: ٥٣٠/١٣)، (وشە: ٩٥٦.٦٧/ ح٣٣٨)، (گ.س.ش: حاکم قادر ٥٩٧)

ساڵی ١٩٣٥دا/ چوونە هەولێرم و مەتبەعە دامەزراندنم و جەریدەی ڕووناکی دەرخستنم لە هەولێر/ پێڕست.

**٣٥٤. شارستانیەتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

نووسین: یارۆسلاڤ کراچی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: یووسف خزر چویان

لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان

چاپ: یەکەم، چ: منارە، ش: هەولێر، ژس: ٢٤٩، س: ٢٠٠٧، ل:٥١٢، ق:١٦×٢٢[١]

ناوەرۆك:

پێڕست/ پێشگوتە و ڕێزلێنان: یارۆسلاڤ کراچی/ پێشەکی/ بەشی یەکەم: دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتی دەریای بزماری و شارستانییەتی فیرعەونی/ جوگرافیا و حکوومەت/ میسر خەبات بۆ خۆگونجاندن/ میسر وەك هێزێکی گەورە/ لە نێوان جەنگ سالاری و کاهینسالاریدا/ سۆمەر و ئەکەد- لە دەوڵەتشارەکان هەتا ئیمپراتۆری/ شارستانییەتی چەند نەتەوەیی خەتی بزماری/ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دۆڵی ڕافیدەین و میسری کۆن/ بەشی دووەم: پارادۆکسیاتی سووریا- نەتەوە خاوەن خەتەکان و نەتەوەی خاوەن کتێب/ لە سەبەئەوە هەتا کارتاژ- شارستانییەتی سامی ڕۆژئاوا/ سەرگوزشتەی فینیکییەکان/ بواری فراوانتر/ گۆشەگیری جوولەکەکان- لە داوەرەکانەوە هەتا پێغەمبەرەکان/ لە پێغەمبەرەکانەوە هەتا یاسای شەریعەت: دامەزراندنی جوولەکە/ هەڵبژاردنی دژواری یەهودیەت: کام شوناس؟/ بەشی سێیەم: بەسەرهاتی ئێرانیانی سەر بەفەر- شوێنگەی بگۆڕی ئاهورامەزدا/ بارودۆخی گشتی/ لە زەردەشتەوە هەتا مەزداپەرستی/ ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی فارسەکان و گورزوەشاندنەوەی یۆنانییەکان/ دووبارە ژیانەوەی

---

١- (ئنستیتیوت: ١٢/١١٠٥)، (گ.س.ش: حاکم قادر ٥٩٢)

ئـاییـنی زەردەشـت/ نوێخـوازی (بیدعـە) و ئـاییـنی پاكـژی/ بەشـی چـوارەم: شـێوەكانی ئیسـلام- یەكپارچـەیی و دابەشـبوون/ بـارودۆخی گشـتی/ لـە حەزرەتی محەممەدوە (د.خ) هەتا ئۆممەت/ ئۆممـەت خەلیفـە و ئیمامـەكان/ بەشـی پێنجـەم: لـە سـەندنەوە هـەتا مـەكونگ لـە نێـوان برەهمـاو بـودادا/ سەرچاوەی نوێ لـە ئۆپانیشـادەكانەوە هـەتا بـودا/ ئـاییـنی بـودایی بـەرایی/ پەرەسەندن و لەتبوونی ئاییـنی بودا/ بـەرەو ژیـارێكی پـان هینـدی/ دووبـارە ژیانەوە بـزاوتن بـەرەو ڕۆژهـەڵات/ كۆمەڵـەی ئاییـنە نوێیـەكان/ گەشـەكردنی ژیـاری پـان هینـدی/ سـەنتزی پـان- هینـدی و ڕوانینێـك بـۆ ڕابـردوو/ سـێ قەڵـەمڕەو، هینـدۆزم، تـرەوادا و ئیسـلام/ مەیدانـداری كردنـی ئیسـلام/ نۆژەنكردنـەوەی هێنـدۆیزم و ئاییـنـە تێكـەڵاوەكان/ ژیـاری تـرەوادا/ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانـەكان لـە جیهـانی مالایـادا/ بەشـی شەشـەم: ڕێـڕەوی چینیەكان- نموونەی بـەردەوامی/ ڕۆحـی چـین/ بونیادەكـانی شارسـتانیەتی چین/ بەشی حەوتەم: ڕیتمی ڕۆژهەڵاتی دوور- قبوڵكردن و هاوجووت كـردن/ سیمای گشتی/ بابەتێك بە زمانی ئینگلیزی.[1]

**٣٥٥. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لـە بەڵگەنامـەی قاجاری دا- زنجیرە بەڵگەنامەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا** (١٨٨٠ز) ١

نووسین: عەلی ئەكبەر سەرهەنگ

وەرگێرانی لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی

لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان

چـاپ: یەكـەم، چ: ئـاراس، ش: هـەولێر، ژس: ١٧٢، س: ٢٠٠٧، ل:١٨٨، ق:١٦×٢٣[2]

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی كتێبەكە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٢- (ئنستیتیوت: ٩٧٩/١٢)، (گ.هـ: مێژوو ٣٩٢ و ٨٥٨)

ناوەرۆك:
بــەرایی/ ئــەم بەڵگەنامەیــە (لێــرەدا و لــە لاپــەڕە ٢٣دا هــاتووە: ئــەم بەڵگەنامەیــەی بەردەســتتان كــە بــە ئەنــدازەی كتێبێكــە و نــاوی "إفتتــاح ناصــری"یە ســەرهەنگ حــاجی عــەلی ئەكبــەر نووســیوێتی كــە كــوڕی "حیسامولمولك"ــە و خــۆی و بــاوكی لــە ئەفســەرانی پایەبــەرزی ســوپای دەوڵەتی ئێران بوون...)/ بەناوی خوای مـەزن... (١٢ بەشـی بـێ ناونیشـان) كورتەیـەك لـەبارەی كتێبەكـەوە بـە زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی/ پاشـكۆ: ئۆرگینالی دەستنووسەكە/ فەرهەنگی ناو/ فەرهەنگی جوگرافیا.[1]

**٣٥٦. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا- زنجیرە بەڵگەنامەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا (١٨٨٠ز) ٢**

نووسین: عەلی خان گۆنەخان ئەفشار
وەرگێرانی لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی
لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان
چــاپ: یەكــەم، چ: ئــاراس، ش: هــەولێر، ژس: ١٧٠، س: ٢٠٠٧، ل:٤٢٢، ق:١٦×٢٣[2]

ناوەرۆك:
پێشەكی: محەممەد حەمە باقی/ مێژووی یاخیبوونی كوردان و كوشت و بڕ و تالانی شێخ عوبەیدڵڵای بـەد ڕەگـەز و فیتنـەی زۆر لـە وڵاتـی ئازربایجـان لـە ساڵی ١٢٩٧ كۆچی هـاتنی شـێخ عەبـدولقادری كـوڕی شـێخ عوبەیـدڵلای بـۆ ورمێ/ چۆنێتی كاولكردنی قەڵای جان/ باسی شەڕی شێخ عەبدولقادر لەگـەڵ دانیشتووانی میاندواو و كوشتن و تالانكردنیان لە ١٢٩٧ك دا/ باسی كوشـتنی عەلی سوڵتان تۆپچی بەدەستی كوردان و لە دەسـتدانی یـەك دەسـگا تـۆپ و

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی كتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.
٢- (ئنستیتیوت: ١٢/٩٨٠)، (گ.هـ: مێژوو ٤٠١ و ٨٥٩)

گوللەکانی/ باسی هاتنی شێخ عوبەیدوڵلا بە لەشکری کوردەوە/ نامەی جەنابی میرزا حسێن موجتەهید و جەنابی شێخوئیسلام بۆ شێخ عوبەیدڵلای کەللەڕەق/ گەیشتنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ئاقاری ورمێ و جەنگ دەست پێکردنی لەگەڵ ئیقبالدەولە/ ئابلۆقەدانی دانیشتووانی شار/ زەمینە خۆشکردنێکی تری شێخ عوبەیدڵلا بۆ گرتنی ورمێ لە ١٨ی زیلقەعدەدا/ شەڕی شێخ و کوردانی نارەسەن لەگەڵ ئیقبالدەولە ڕۆژی ١٩ی مانگی زیلقەعدەدا/ شەڕی تەیموور پاشاخانی ماکۆیی و کوردان/ هاتنی میر میرانی مەزن ئاغا خانی سەرتیپ بۆ ناوچەی بناو/ باسی جەنگی شێخ عەبدلقادری نارەسەن و ئیعتیمادی سەڵتەنە لە شارۆچکەی بناو/ باسی شەڕی دانیشتووانی بناو لەگەڵ هێزی کوردان/ باسی ڕووداوەکانی ١٢٩٧ی کۆچی و بڕیاری هێزەکانی لەشکری سەرکەوتوو/ باسی کوشتنی هەمزاغای مەنگوڕ لە شارۆچکەی سابلاخ/ باسی جەنگی جەنابی ناسرئەلدەولە لەگەڵ عەلی خانی شکاک لە مانگی ڕەمەزاندا/ سەرپێچی و یاخیبوونی حەسەن بەگی دەشتی و تەمێکردنی/ باسی ناردنی لەشکری سەرکەوتوو بەمەبەستی تەمێکردنی حەسەن بەگی دەشتی لە جەمادی دووەمدا/ هاتنی حەسەن بەگ لەگەڵ ئەبداڵ بەگی برایدا بۆ هۆردووی موبارەك/ پاشکۆ/ وتاری کاك ئەنوەری سوڵتانی/ پاشکۆی ئیندێکسی بەڵگەنامە دەستنووسەکە/ فەرهەنگی ناو/ فەرهەنگی جوگرافیا.[١]

**٣٥٧. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانی دا- زنجیرە بەڵگەنامەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا (١٨٨٠ز) ٣**

نووسین: وەدیع جویدە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی

لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان

---

١– لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

چـــاپ: یەکـــەم، چ: ئـــاراس، ش: هـــەولێر، ژس: ١٧١، س: ٢٠٠٧، ل:١١٦، ق:١٦×٢٣[1]

ناوەڕۆك:

بـەرایی: محەممـەد حەمـە بـاقی/ پێشـینە/ دەرکـەوتنی شـێخ عوبەیـدوڵڵا/ ڕەوشـت و سرووشـتی شـێخ/ بەرنامـە و خـەباتی شـێخ/ ڕەگـەزی سـەرەکی یـەکێتی گـەلی کـورد/ تـرس لـە دەرخسـتن و هێنانـە مەیـدانی ئەرمـەن لـە کوردستاندا/ بەرەی ناوخۆ و پەیداکردنی پشتیوان و هاوکار/ ئامانجی شێخ و سیاسەتەکانی لە زمانی خەلیفەکەیەوە/ شۆڕش لـە تورکیـا/ هێـرش بـۆ سـەر ئێران/ هێزەکانی شێخ– ئامار و چەکیان/ کاری لەشکرکێشـی/ دوای هێـرش/ کاردانـەوەی نێودەوڵـەتیی لـە بەرامبـەر هێرشـەکەی کـورددا– دامەزرانـدنی پێوەندی دیبلۆماسی ئەمەریکا و ئێران/ بەڵێنەکانی ڕووسیا بۆ یارمەتی دانـی ئێران/ هۆکاری ڕیفۆرم لە هەڵوێستی تورکیـا بەرامبـەر بزووتنەوەکـەی شـێخ عوبەیدڵڵای نەهری/ پاشکۆ/ فەرهەنگی ناو/ فەرهەنگی جوگرافیا.[2]

**٣٥٨. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمـەنی دا- زنجـیرە بەڵگەنامەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا (١٨٨٠ز) ٤**

نووسین: ئەسکەندەر غۆریانس

وەرگێرانی لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی

لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان

چـــاپ: یەکـــەم، چ: ئـــاراس، ش: هـــەولێر، ژس: ١٦٩، س: ٢٠٠٧، ل:١٢٨، ق:١٦×٢٣[3]

---

١– (ئنستیتیوت: ٩٨١/١٢)، (گ.هـ: مێژوو ٤٠٢ و ٨٦٠)

٢– لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٣– (ئنستیتیوت: ٩٨٢/١٢)، (گ.هـ: مێژوو ٤٠٠ و ٨٦١)

ناوەرۆك:
پێشەكی: وەرگێڕ (لێرەدا و لاپەڕە ٦دا هاتووە: ئەم كتێبە یان ئەم ڕاپۆرتە لە بنەڕەتدا لەلایەن "ئەسكەندەر غۆریاس:ـەوە بەناوی "تاریخ گغیان أكراد"ەوە نووسراوە و هەر ئەو دەمەش پێشكەش بە ناسرەددین شا كراوە و شازادە نادر میرزاش بەهۆی خزمایەتی نزیكەوە لە بنەماڵەی ناسرەددین شا نووسخەكەی "ئەسكەندەر غۆریاس"ی چنگ كەوتووە... هەروەها نووسراوە: ئەگەرچی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەسەردەمی خۆیدا دۆستایەتی دێرینەی نێوان هەردوو گەلی كورد و ئەرمەنی زۆر توند هۆشیارانە پاراستووە و خۆیشی دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ سەرانی سیاسی و ئایینی ئەرمەنیدا هەبووە...)/ بەسەرگەردی خاكی بەرپێی گەوهەر ئاسای پیرۆزت بم... (كتێبەكە بەم شێوەیە دەست پێ دەكات...)/ وێنەی بەرگی كتێبە فارسییەكە/ ئیندێكسی وێنە (وێنەی هەندێ لەو كەسانەی ناویان لەم كتێبەدا هاتووە)/ فەرهەنگی ناو/ فەرهەنگی جوگرافیا.[1]

**٣٥٩. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئێران دا- زنجیرە بەڵگەنامەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا** (١٨٨٠ز) **٥**
وەرگێرانی لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی
لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان
چاپ: یەكەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ١٧٤، س: ٢٠٠٧، ل:٢٧٠، ق:١٦×٢٣[2]
ناوەرۆك:
بەرایی: وەرگێڕ (لێرە و لە لاپەڕە "٥"دا هاتووە: شوێن پێ هەڵگرتنێكی مێژوویی ئەم بەڵگەنامانە شوێن پێ هەڵگرتنی مێژووی دەركەوتن و

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی كتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٢- (ئنستیتیوت: ٩٨٣/١٢)

درەوشانەوەی ناوبانگ و کەسایەتی شـێخ عوبەیـدوڵڵا "١٨٣٠-١٨٨٣"یـە... هەروەها لە لاپەڕە ١٥دا نووسراوە: لەنێوان ئـەم بەڵگەنامانـەوە دەردەکـەوێ کە شێخ عوبەیـدوڵڵا لەبەرامبـەر ئـەم دەسـتدرێژییانەی ئێـران و عوسمانیـدا، هەمیشە هۆشیارانە و بە گیانی دیپلۆماتیکانەوە کاردانـەوەی هـەبووە و هـیچ دەستپێشـخەری هێـرش و پـەلامار نـەبووە. بۆیـە لـە خوێندنـەوەی ئـەم ١٦ بەڵگەنامەیەدا، دەزانین کە هێرش و شالاوەکانی ئـەم مـاوەی چـەندان سـاڵە، بــەلای زۆرەوە لای هێزەکــانی ئێرانــەوە بــوون...)/ کۆمــەڵێك بەڵگەنامــە/ پاشکۆ: ئۆرگینالی بەڵگەنامەکان/ فەرهەنگی ناو/ فەرهەنگی جوگرافیا.[1]

**٣٦٠. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لـە بەڵگەنامـەی قاجاری دا- زنجیرە بەڵگەنامەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا** (١٨٨٠ز) ٦

نووسین: حەسەن عەلی خان گەڕووسی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی

لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان

چــاپ: یەکـــەم، چ: ئــاراس، ش: هـــەولێر، ژس: ١٧٥، س: ٢٠٠٧، ل:١٩٨، ق:١٦×٢٣[2]

ناوەرۆك:

بەرایی: وەرگێڕ (ئەم بەراییە ١٠ ڕوونکردنـەوەی هەیـە کـە لـە ڕوونکردنـەوەی ژمارە ٧ و لاپـەڕە ٢٤دا نووسـراوە: ... لـە دواییـدا بـە چاکم زانـی، لـەدوای تەتەڵــە و هــەڵاوێردکردنی کـۆی ئـەو ١٥٥ نامەیـە، نزیکـەی ٦٠ نامــەیان لێ هەڵبژێرم و تەرجەمەیان بکەم... کە لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم نامانـە بـە گیـانی دوژمنانەوە نووسراون، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و بـە پیت و بڕشتن و ئەگەر ئەم کۆمەڵە بەڵگەنامە گرنگە، لەسەر شۆڕشی ١٨٨٠ و

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٢- (ئنستیتیوت: ٩٨٤/١٢)

هەمزاغای مەنگوڕ نەبوونایە، خۆ ئەو شۆڕشە مەزنەی ١٨٨٠ و ئەو هەمزاغا جوامێرە، بەو هەموو ناوبانگ و زایەڵەیەی کە نزیکەی سەدە و نیوێکە لەناو کورددا هەیانە، کەچی گەلی کورد لەسەر شۆڕشی ١٨٨٠، شتێکی بەرچاوی نییە و لەسەر هەمزاغاش لە "بەیت"ێك زیاتر، هیچ مێژوویێکی تری نووسراوی لەبارەیەوە نەبوو!)/ تەقەلای تری ئێران بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ١٨٨٠/ حەسەن عەلی خانی گەڕووسی کێیە؟/ نامەکان لە ژمارە ١-١٣٧/ نامەی ئەمیر نیزام/ ژمارە و ناوەڕۆك و مێژووی نامەکانی حەسەن عەلی خان/ فەرهەنگی ناو/ فەرهەنگی جوگرافیا.[1]

**٣٦١. شەرەفنامەی شەرەف خانی بەدلیسی- مێژووی میرانی خانەدانی عوسمان و پاشایانی ئێران توورانی هاوچەرخیان- بەرگی دووەم**

نووسین: شەرەفخانی بدلیسی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەلاحەددین ئاشتی
لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژس: ١٠٠٧، س: ٢٠٠٧، ل:٣٧١، ق:١٧×٢٤[2]

ناوەڕۆك:

پێرست/ سەردەق: سەلاحەددین ئاشتی/ پێشەکی/ باسی بنە و بنەچەکەی میرانی خانەدانی عوسمانی/ باسی سەرەتای داگیرسانی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی غازی/ باسی بەسەرهاتی میرانی خانەدانی عوسمان و پاشایانی ئێران و توووران ١٢٩٠- ١٥٩٧/ لیزگەی ناوی کەسان/ لیزگەی ناوی شوێنەکان/ لیزگەی ناوی مۆز و خێڵ و خانەدانان.

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٢- (ئنستیتیوت: ١١٨١/١٢)، (گ.س: ژ ١٦٤٦٩)

**٣٦٢. شەرەفنامەیا شەرەفخانێ بدلیسی تەرجەما مەلا مەحموودێ بازیدی (١٧٩٧- ١٨٦٧)**

نووسین: شەرەفخانی بدلیسی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەلا مەحموودی بایەزیدی

ئامادەکردن: سەعید دێرەشی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سپیرێز

چاپ: یەکەم، چ: خانی، ش: دهۆك، ژس: ٧٣١، س: ٢٠٠٧، ل:٦٢١، ق:١٦×٢٣[١]

ناوەرۆك:

بەراهی/ ڕاوەستیانەك د دەرەزینکێدا/ هەندێك بابەتی وەك: تۆڕەیی کوردا د سێ وەچەپادا و کورتییەك ل سەر ڕووشانا کوردی/ دەستپێکا شەرەفنامێ/ موشتەمله ل سەر پینج فەسلان/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد جزیر و دیاربەکرێ نە/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد دینەوەر و شەرهرەزور ل کو مەشهورین ب حەسنەویە/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد فەزلەویە کو مەشهورین ب لڕا مەزین/ دەرحەقێ زکرا لڕا بچووك/ دەرحەقێ زکرا سەلاتینێد مسر و شامێ کو مەشهورین ب ئال ئەییوب/ دەرحەقێ زکرا ئومەرا و حاکمێد کوردستانێ ئەوی ژی موشتەمله بە پێنج فەسلان/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد حەکاریانە کو مەشهورین بە شەنویی/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد عمادیەیێ کو مەشهورین بە بەهدینان/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد جزیرێ کو ئەو ژی بە سێ شوعبانە/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد گورکێلی/ دەرحەقێ زکرا حاکمێد حەسەن کیفایێ کو مەشهورین بە ملکان/ میناك ژ لبا فارسی/ ناڤدار و جهوار/ فەهرەست.

---

١- (ئنستیتیوت: ١٢/١١١٨)، (گ.ھ: مێژوو ٨٣٢ و ٨٣٣)

**٣٦٣. عوسمانیەکان- لە عوسمانی کوڕی ئورتغلەوە تا سوڵتان عەبدولەجیدی دووەم**

نووسین: کۆمەڵێك نووسەر[١]

وەرگێڕانی[٢]: سەلام عەبدولکەریم

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

چاپ: یەکەم، چ: گەنج، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٧، ل:٢١٤، ق:١٤×٢٠[٣]

ناوەڕۆك:

ناوەڕۆك/ پێشەکی وەرگێڕ/ عوسمانییەکان/ ڕەچەڵەك و نەژاد و گەشەکردنی دەوڵەتەکەیان/ فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی/ کشانەوە و بەرەودواهاتنی عوسمانییەکان/ لیستی سوڵتانەکانی عوسمانی/ عوسمانی کوڕی ئورتغل/ سوڵتان ئۆرخان (ئۆرخانی جەنگاوەر)/ کارە یاسایی و شارستانییەکانی ئۆرخان/ پەڕینەوە بەرەو کەناری ئەوروپا/ سوڵتان موورادی یەکەم/ سوڵتان بایەزیدی یەکەم (بایەزیدی هەورە بروسکە)/ پێگەیشتنی سوڵتان بایەزیدی یەکەم/ واڵاکاری و داگیرکارییەکانی سوڵتان بایەزیدی یەکەم/ بایەزیدی یەکەم و کوشتارکردنی ئەوروپا/ هەڵوێستی بەرامبەر سرب/ جەنگی نیکۆپۆڵس/ سوڵتان محەممەدی یەکەمی عوسمانی (جەلاد- خانەدان)/ سوڵتان موورادی دووەم/ سوڵتان محەممەدی فاتیح (محەممەدی دووەم)/ لەدایکبوون و گەشەسەندنی/ کەسایەتی سوڵتان محەممەدی فاتیح/ سیاسەتەکانی سوڵتان محەممەدی فاتیح/ ژیانی سوڵتان محەممەدی فاتیح/

---

١- لە هیچ شوێنێك ناوی نووسەر دیار نییە و وەك لە پێشەکییەکەیدا هاتووە، بابەتەکانی ئەم کتێبە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە، تەنانەت لە لیستی ناوی نووسەریش هەر بە (کۆمەڵێك نووسەر) ئاماژەمان پێ کردووە.

٢- نە لەم چاپەدا نە لە چاپەکەی تریشدا (دووەم) ئاماژەی بە زمانی نووسینەکان نەکردووە، واتە نادیارە کە لە چ زمانێکەوەی وەریگێڕاوە.

٣- (ئنستیتیوت: ٧٠٣/١٢)، (گ.س: ٩٥٦.١٥/ س٩٧٥)

گـرنگترین کارەکـانی سـوڵتان محەممـەدی فـاتیح/ لـەبواری ڕێکخسـتن و کارگێڕیـدا/ بایەخـدانی سـوڵتان محەممـەد بـە خوێندنگـە و پـەیمانگاکان/ بایەخـدانی بـە زانایـان/ بایەخـدانی بـە هونـەر/ بایەخـدانی بـە وەرگێـڕان/ بایەخدانی بە ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنـان و نەخۆشخانەکان/ بایەخـدانی بـە بازرگانی و پیشەسازی/ بایەخدان بە ڕێکخستنە کارگێڕییەکان/ بایەخـدان بـە سوپا و هێزی دەریـایی/ بایەخـدان بـە هێـزی دادپـەروەری/ مردنـی سـوڵتان محەممەدی فاتیح/ سوڵتان بایەزیدی دووەم/ سوڵتان سەلیمی یەکـەم/ ژیـانی سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم/ کەسـایەتی سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم/ ململانێـی عوسمـانی– سـەفەوی/ زاڵبـوون بەسـەر دەوڵـەتی مەمالیکـدا/ حیجـازی عوسمانییـەکان/ خزمـەتکاری شـوێنە پیرۆزەکـان/ عوسمانییـەکان بـوون بـە خەلیفە/ مردنی خەلیفە سەلیمی یەکـەم/ سـوڵتان سـلێمانی یەکـەم (سلێمان قانونی– سلێمانی مەزن)/ سوڵتان سەلیمی دووەم/ سوڵتان مورادی سـێیەم/ سوڵتان محەممەدی سێیەمی عوسمانی/ سوڵتان ئەحمـەدی یەکـەم/ سـوڵتان مستەفای یەکـەم (مستەفاخان)/ گەڕانـەوەی سـوڵتان مستـەفای یەکـەم بـۆ فـەرمانڕەوایی/ بـارودۆخی سـەردەمی سـوڵتان عوسمـانی دووەم/ سـەردەمی فەرمانڕەوایەتی کردنی عوسمانی دووەم/ پێکدادان لەگـەڵ ئینکشـارییەکاندا/ بێسـەروبەری عوسمانییـەکان/ کـوژرانی سـوڵتان عوسمـانی دووەم/ سـوڵتان موادی چوارەم/ سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم/ ماوەی فەرمانڕەوایی ئیبراهیمـی یەکەم/ سیاسەتی نـاوخۆی ئیبراهیمـی یەکـەم/ داگیرکردنـی دورگـەی کریـت/ یـاخیبوونی ئینکشـارییەکان و لابردنـی سـوڵتان ئیبراهیمـی یەکـەم/ سـوڵتان محەممـەدی چـوارەم/ دەسـت بـەکاربوونی سـوڵتان محەممـەدی چـوارەم/ سـوڵتان محەممـەدی چـوارەم و دەسـەڵاتەکانی/ کـەوتنی قـەڵای (نـوهزل)ی نەمساوی/ گرتنی دورگەی کریت/ هەڵمەت بۆ سەر ڕووسـیا/ گـەمارۆی ڤیـەننا بۆ جـاری دووەم/ کۆتـایی سـوڵتان محەممـەدی چـوارەم/ سـوڵتان سـلێمانی دووەم/ سوڵتان ئەحمدی دووەم/ سوڵتان مستەفای دووەم/ سوڵتان ئەحمدی سـێیەم/ سـوڵتان مـەحموودی یەکـەم/ سـوڵتان عوسمـانی سـێیەم/ سـوڵتان

مستەفای سێیەم/ سوڵتان عبدولحەمیدی یەکەم/ سوڵتان سەلیمی سێیەم/ سوڵتان مستەفای چوارەم/ سوڵتان مەحموودی دووەم/ فەرمانڕەواییەتی سوڵتان مەحموودی دووەم/ لەناوبردنی ئینکیشارییەکان/ چاکسازی فێرکردن/ چاکسازی تری سوڵتان مەحموودی دووەم/ قەدەغەکردنی عەمامە (مێزەر) یان سەرپێچ/ سوڵتان عەبدولعەزیزی یەکەم/ سوڵتان مورادی پێنجەم/ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (سوڵتانە سوور)/ گرنگترین چاکسازییە نێوخۆییەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم/ خەلافەت گرتنە دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم/ عەبدولحەمیدی دووەم (ستەمکار لای هەندێك و دادپەروەر لای ئەوانی تر)/ لەکارخستنی دەستوور/ سیاسەت و پرۆژەکانی عەبدولحەمیدی دووەم/ قەرزەکانی عوسمانی/ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتە گەورەکان/ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و جوولەکە/ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و ئەرمەن/ سوڵتان عەبدولحەمید و کۆمەڵی ئیتیحاد و تەرەقی/ ڕووداوی ٣١ی ئازار/ مردنی عەبدولحەمیدی دووەم/ سوڵتان محەممەدی پێنجەم/ سوڵتان محەممەدی شەشەم/ سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم/ سەرچاوەکان/ پاشکۆی وێنە و زانیارییەکان.

**٣٦٤. قەڵای پەری لە کەریم خانە وە تا لوتف عەلی خان**

نووسین: بەهرام ئەفراسیابی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سامان عەبدوڵڵا

لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

چاپ: یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژس: ٣٤٢، س: ٢٠٠٧، ل:٤٦٤، ق:١٦×٢٢[١]

١- (مەڵبەند: ٤٩٨/٩٥٠,١)

ناوەرۆك:

پێشەکی: وەرگێڕ/ بەشی یەکەم: شێرە ژنانی قەڵای پەری (ساڵی ١١٤٤ کۆچی)/ بەشی دووەم: دەستپێکردنی دەوری کەریم خان/ بەشی سێیەم: پەیمانی سێ قۆڵی و سێ مەرج/ بەشی چوارەم: محەممەد حەسەن خانی قاجار- دوژمنی بەهێز/ بەشی پێنجەم: گەمارۆی قەڵای کرماشان و سەرهەڵدانی سوڵتان حسێن میرزای دووەم (پێنجەمین خوازیاری پاشایەتی)/ بەشی شەشەم: ئازادخانی ئەفغان/ بەشی حەوتەم: شەڕی کەریم خان لەگەڵ ئازادخان لە قومشە/ بەشی هەشتەم: شەڕی چارەنووس/ بەشی نۆیەم: خەدیجە بیگم خانم و ئاغا محەممەد خانی قاجار لە ماڵی کەریم خان/ بەشی دەیەم: ڕووداوەکانی ئازەربایجان/ بەشی یازدەیەم: شۆڕشی تەقی دوڕانی/ بەشی دوازدەیەم: ڕووداوەکانی باشوور (دزە دەریاییەکان)/ بەشی سیازدەیەم: شەڕی ناو بنەماڵە- سێشەممە ١٣ی سەفەری ١١٩٣/ بەشی چواردەیەم: نەیارێکی دەرەوەی بنەماڵەی زەند/ بەشی پازدەیەم: دوایەمین حیلەی غوڕان (دوو تەتەر)/ بەشی شازدەیەم: شیراز پاش کوژرانی جەعفەر خان سەرەتای زستانی ١١٦٧ی هەتاوی/ بەشی حەڤدەیەم: یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی لوتف عەلی خان و ئاغا محەممەد خان/ بەشی هەژدەیەم: خەیانەت و پیلانی حاجی ئیبراهیم کلانتەر/ بەشی نۆزدەیەم: کارەساتی سمیرمی سەروو/ بەشی بیستەم: دەردەدڵیی لوتف عەلی خان/ بەشی بیست و یەکەم: بەسەرهاتی دەریای نوور و گەوهەرەکانی تر/ بەشی بیست و دووەم: حاجی ئیبراهیم ماندوو ئەبێت/ بەشی بیست و سێیەم: شەڕی دۆڵی ئەبرەج/ بەشی بیست و چوارەم: کرمان/ بەشی بیست و پێنجەم: بەجێهێشتنی کرمان/ بەشی بیست و شەشەم: بەهاری غەمناك.[١]

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

**٣٦٥. کتێبی دیاربەکرییە- مێژووی حەسەن بەگی ئاق قۆیوونلوو و باب و باپیرانی و هەرچی سەبارەتە بەوی لە دیرۆکانی قەرەقۆیوونلوو و چۆغاتای دا**

نووسین: ئەبوبەکر تارانی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەلاحەددین ئاشتی

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین

چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژس: ٥٠٦، س: ٢٠٠٧، ل:٦٠٥، ق:١٧×٢٤[١]

ناوەرۆك:

پێرست/ سەردەق: سەلاحەددین ئاشتی/ پێشەکی: فاررووق سومێر/ بەشی یەکەم: هەندێك بابەتی وەك: دەسپێك/ باسی بنە و بنەچەکەی خاوەن شکۆی مەزن/ باسی ژیان و بەسەرهاتی میری ناودار عوسمان بەگ/ باسی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی قازی بوورهانەدین و چوونی میری مەند و ماقوڵ بۆ لای/ باسی داگیرکردنی خاکی ئەرمەنییان بەدەستی عوسمان بەگ و دابەشینی بەسەر خزمانیدا/ باسی گیرانی ئامێدی بەدەست سوڵتان هەمزە/ باسی گەڕانەوەی ئەسکەندەر لەلای ڕۆمەوە/ باسی گەمارۆدانی قەلای جەعبەر لەلایەن عەرەبانەوە/ باسی گەمارۆدانی سوڵتان هەمزە/ باسی ناکۆکی شێخ حەسەن بەگ/ باسی بانگهێشتن کرانی مەحموودبەگ لە بەغداوە لەلایەن عەلی مەماشەوە/ باسی ڕووداوەکانی ساڵانی ٨٤٩-٨٥٠ك ١٤٤٥-١٤٤٦ز/ باسی بزووتنەوەی جیهانشامیرزا بەرەو دیاربەکر/ باسی هرووژمی خاوەن شکۆ بۆ لای قەڵای ڕۆها بە مەبەستی یاریدانی برای/ باسی دیاریکردنی هێزێکی تایبەت لەلایەن ڕۆستەمی تورخانەوە بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی چالاکی/ ئازایەتییەکانی خاوەن شکۆ/ باسی دەرکەوتنی خاوەن شکۆ لە شار و سەرکەوتنی/ باسی چوونی خاوەن شکۆ و تێکشکانی/ باسی سەرکەوتن و پەیمان شکانی جیهانشامیرزا/ باسی کوژرانی ژمارەیەکی

---

١- (ئنستیتیوت: ١٢/١١٣٤)، (گ.هـ: ٩٣٥.٢١/ ت٢٢٢)

گەمارۆدەران لەو شوێنەی کە قەرەقۆیوونلوو خۆیان داگرتبوو/ باسی تەمای شالاو بۆ سەر ماڵی ڕۆستەمی تورخان/ باسی تالانی قەڵای هەتتاخ و مێهرنی/ باسی گەمارۆی ئامێدی دەروازەی ڕزگاری لەلایەن ڕۆستەمی تورخانەوە/ باسی بزووتنەوەی خاوەن شکۆ بەرەو کوردان/ بەشی دووەم: هەندێك بابەتی وەك: باسی میرانی چوغتای (چوغاتای) و قەرەقۆیوونلوو/ باسی کۆچی دوایی خاوەن شکۆی پایەبەرز شاروخ میرزا/ باسی گەڕانەوەی بابور میرزا بۆ خوراسان/ باسی دەرکەوتنی حەسەن عەلی/ باسی غەزای گورجستان/ باسی شالاوی جیهانشامیرزا بەرەو دیاربەکر/ باسی نێرشەڕی ئەمیر مەزید و گیرانی/ باسی چۆنێتی حاڵ و باڵی چوغتای/ باسی گیرانی قەڵاکانی کوردستان/ باسی هاتنی نێردراوان لە لای ڕۆم و میسرەوە/ پاشکۆ: باسی ڕووداوەکانی ساڵی ٨٧٦ك ١٤٧١ز/ باسی ڕووداوەکانی ساڵی ٨٧٧ك ١٤٧٢ز شەڕی حەسەن پادشا لەگەڵ سوڵتان محەممەد پاشای ڕۆم/ لیزگەی ناوی کەسەکان/ لیزگەی ناوی شوێنەکان/ لیزگەی ناوی هۆز و خێڵ و خانەدانان.

**٣٦٦. کەرکوك لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩ز**

نووسین: گۆران ئیبراهیم ساڵح

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

چاپ: یەکەم، چ: حەمدی، ش: سلێمانی، ژس: ٦٠، س: ٢٠٠٧، ل:٢٢٦، ق:١٥×٢١[١]

ناوەرۆك:

پێڕست/ پێشەکی/ دەروازە: کەرکووك لە قۆناغە مێژووییەکاندا/ بەشی یەکەم: چەمك و زاراوە و شوێنی جوگرافی کەرکووك/ چەمك و زاراوە و ڕەچەڵەکی ناوی کەرکووك/ کەرکووك لە ئینسایکلۆپیدیای بیانیی و

١- (ئنستیتیوت: ١٢/٦٩٨)، (وشە: ٩٥٦.٧١٤/ س٢٧٦)

ئیسلامیدا/ سنووری جوگرافیای کەرکووك کوردستان/ بەشی دووەم: سیستەمی ئیداری و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لە کەرکووك/ گۆڕانی سیستمی ئیداری دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی ویلایەتی مووسڵ ١٨٧٩ز– پێگە و باروودۆخی کەرکووك لەو گۆڕانەدا/ ڕێژە و ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك لە سەرچاوە بیانی و تورکییەکان و ڕەوشی کۆمەڵایەتی شار/ سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لە کەرکووکدا و باردۆخی سیاسی ئەم شارە/ بەشی سێیەم: ڕەوشی خوێندن و فەرهەنگی و ئابووری شاری کەرکووك/ ڕەوشی ئابووری شاری کەرکووك/ دۆزینەوەی نەوت لە کەرکووك/ هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لەو میانەدا/ ئەنجام/ لیستی سەرچاوەکان/ پاشکۆ.[١]

**٣٦٧. کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا**

نووسین: حەسەن مەحموود حەمەکەریم

لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك

چاپ: چوارەم، چ: ؟، ش: ؟، ژس: ١٠٦، س: ٢٠٠٧، ل:٤٤٨، ق:١٦×٢٣[٢]

ناوەرۆك:

هەمان ناوەرۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ١١٠.

---

١– لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی نووسراوە.

٢– (ئنستیتیوت: ٧٠٧/١٢)، (گ.س.ش: س.ش ٩١)

**٣٦٨. كوردستان لە بازنەی كێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠-١٩٠٠ (لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویییە)**

نووسین: كامەران محەممەد حاجی[١]

لە بڵاوكراوەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوكردنەوە

چاپ: یەكەم، چ: و-ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٤٤، س: ٢٠٠٧، ل:٣٢٢، ق:١٦×٢٣[٢]

ناوەڕۆك:

ناوەڕۆك/ پێشەكی/ دەروازە/ بەشی یەكەم: ململانێی زلهێزە ئەوروپاییەكان و بەرژەوەندییەكانیان لە كوردستاندا/ هەلومەرجی كوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا/ ئابووری/ كۆمەڵایەتی/ سیاسی/ چاوتێركردنی زلهێزەكان لە كوردستان و بەرژەوەندییەكانیان لە ناوچەكەدا/ بەرژەوەندییە: ئابوورییەكان- سیاسیی و سەربازییەكان- ئاینییەكان/ بەشی دووەم: هەڵوێستی زلهێزەكانی كێشەی ڕۆژهەڵاتی لە میرنشین و بزاڤ و ڕاپەڕینە كوردییەكان/ میرنشینی: سۆران- بابان- بۆتان- ئەوانی تر/ كێشەی ڕۆژهەڵاتی و هەڵوێست لە بزاڤ و ڕاپەڕینە كوردییەكان/ یەزدان شێر/ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری/ بەشی سێیەم: كاریگەری كێشەی ڕۆژهەڵاتی لەسەر ململانێی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی قاجاری و سیاسەتیان بەرانبەر بە كورد/ ڕۆڵی زلهێزەكان لە ململانێی هەرێمایەتییەكانی پەیوەست بە كوردستانەوە/ سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی قاجاری بەرانبەر بە كورد/ كێشەی ڕۆژهەڵاتی و كاریگەری لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە كورد/ پێكهێنانی سوارەی حەمیدی/ پێوەندی كورد و

١- بەداخەوە لەو بەشەی كە پێشتر چاپ كرا (ل٢٤٧)، ئەم ناوەمان بەهەڵە نووسیبوو (كامەران محەممەد عەلی)، كە لێرەدا ڕاستمان كردەوە.

٢- (گ.س: ؟)، (گ.هـ.: مێژوو ٣٠٧ و ٣١٧ و ٣١٨)، (هـ. حەیدەری: ؟)

ئەرمەن/ بانگەشە بۆ کۆمەڵەی ئیسلامی/ کێشەی ڕۆژهەڵاتی و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی قاجاری بەرانبەر بە کورد/ ئەنجام/ سەرچاوەکان/ پاشکۆکان/ کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.[1]

**٣٦٩. کوردنامە- بەرگی یەکەم**

نووسین: د.ئەمین موتابچی

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: کەرکووك، ژس: ؟، س: ٢٠٠٧، ل:١٦٢، ق:١٥×٢٠[2]

ناوەرۆك:

پێشەکی/ چەند سەرنجێك/ کوردنامە/ حوکمەت و ئەمارەتە کوردەکان دوای هاتنی ئیسلام/ بەشی دووەم و دەربارەی ئەمارەتە کوردەکان لە سووری ئیسلامیدا/ پاشکۆی کوردنامە/ پێرستی ناو و شوێن/ پێرستی ڕوونکردنەوە/ کتێب و سەرچاوە/ کورتەیەك لە بارەی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی/ ناوەرۆك.

**٣٧٠. گرنگی کورد و کوردستان لە قۆناغە مێژووییەکانی ئێران تا سەردەمی ئەفشاریە- چۆنیەتی پێکهاتنی ئەمارەتە کوردیەکان**

نووسین و ئامادەکردن: مەنسوور مەخدووم

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەفعەت مورادی

لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

چاپ: دووەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژس: ٨٠٢، س: ٢٠٠٧، ل:١٤٦، ق:١٤×٢٠[3]

ناوەرۆك:

هەمان ناوەرۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ١٩٦.

---

١- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٢- (ئنستیتیوت: ٨٦/٦)

٣- (ئنستیتیوت: ١٠٧٤/١٢)، (گ.س.ش: حاکم قادر ٦٣١)

### ٣٧١. گوتاری ناسیونالیزمی کوردی- بەرگی یەکەم

نووسین: عەتا قەرەداغی

لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج

چــاپ: یەکــەم، چ: ڕەنــج، ش: ســلێمانی، ژس: ٩٨٣، س: ٢٠٠٧، ل:٥٢٠، ق:١٦×٢٢[١]

ناوەرۆك:

نــاوەرۆك/ پێشــەکی/ گوتــاری کــوردی/ گوتــاری کــوردی لــە شکســتی ئــایینی زەردەشتییەوە/ گوتاری کوردی لە سەردەمی میرنشینەکاندا/ گوتاری کوردی لـە سەدەی نۆزدەیەمدا/ گوتاری کـوردی/ گوتـاری تەسـەوف/ گوتـاری ئـەدەبی لـە سـەردەمی بابانـدا/ گوتـاری میرنشـینی ئـەردەڵان/ گوتـاری میرنشـینی سـۆران/ گوتاری کوردی لە سەردەمی شێخ عوبەیـدوڵڵای نەهریـدا/ حـاجی قـادری کـۆیی وەهمـی گوتـاری کـوردی/ ڕۆژنامـەی کوردسـتان و گوتـاری نەتـەوەی کـوردی/ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩١٤ی بەتلیس و گوتاری کـوردی/ گوتـاری کـوردی لـە سـاڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا/ گوتاری کوردی لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی جـەنگی یەکەمدا/ شوێنی شـێخ عەبـدولقادری نـەهری لـە گوتـاری کـوردی/ عەبـدولڕەزاق بـەدرخان ناسیونالیسـتێك لـە وەهمـدا/ گوتـاری بزووتنــەوەی سمکـۆی شـکاك/ گوتاری ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران/ ڕاپەڕینی ئـاگری داخ و گوتـاری کـوردی/ گوتــاری شــێخ عەبدولســەلامی بــارزانی/ گوتــاری ڕاپەڕینەکــەی ســەید ڕەزای دێرسـیم/ گوتــاری ســەردار ڕەشـید ئــەردەڵان/ گوتــاری ڕاپەرینــەکانی شــێخ مەحموودی بەرزنجی/ سروشتی گوتاری شێخ مەحموود لە ڕووخـانی حوکمـداری یەکەمـەوە/ گوتـاری شـێخ مـەحموود لـە دەورەی سـێیەمی حوکمدارییەکەیـدا/ گوتاری کۆماری مەهاباد/ کورد: کۆمەڵگای داخـراو و گوتـاری خواسـتراو/ کـورد: گوتاری توندوتیژی و کەلتووری داخراو/ سەرچاوەکان.

---

١- (ئنستیتیوت: ١٢/١٤٦)

**٣٧٢. لەگەڵ مامۆستا توفیق وەهبی دا- لەگەڵ وتارێکی د.کەمال میراودەلی**

نووسین: هاوار (محەممەد ڕەسووڵ هاوار)

لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

چاپ: یەکەم، چ: شەهید ئازاد هەورامی، ش: کەرکووك، ژس: ؟، س: ٢٠٠٧، ل:١١٢، ق:١٦×٢٢[١]

ناوەرۆك:

ناوەرۆك/ تۆفیق وەهبی و (دەستوری زمانی کوردی)/ تۆفیق وەهبی و (مێژووی کورد و کوردستان) هەوڵدانی بۆ بەستنی پەیوەندی لە مادەوە بۆ کوردی ئێستە/ ڕای چەند کەسێك دەربارەی کورد و پەیوەندیان بە مادەوە/ تۆفیق وەهبی و زمانی کوردیی (ئاوێستا)/ پاك کردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە/ چی خستینە سەر ئەو فیکرەی کە ئاوێستا دیراسە بکات؟/ تۆفیق وەهبی و (فونۆتیك و فۆنۆلۆژیی)/ دیراساتی تۆفیق وەهبی/ چاپکراوەکانی: دیراساتێك کە پەیوەندی بە شارەزوورەوە هەیە بە هەموو شوێنەکانییەوە– تۆپۆگرافیای شارەزووری کۆن و تازە/ تۆفیق وەهبی و دیانەتەکان/ تۆفیق وەهبی و مێژووی کوردی/ تۆفیق وەهبی و فۆلکلۆری کوردی/ تۆفیق وەهبی و زنجیرە چیرۆکەکانی/ تۆفیق وەهبی و ئەفسانە.

**٣٧٣. مێژووی سانەکانی هەورامان (پاش ئیسلام)**

نووسین: قازی عەبدوڵڵا شەیدا (مەردۆخی)

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەریاس محەممەد (شەپۆل)

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا

چاپ: یەکەم، چ: چوارچرا، ش: سلێمانی، ژس: ١٣٨٨، س: ٢٠٠٧، ل:٣٦٠، ق:١٦×٢٣

---

١– (ئنستیتیوت: ١٠٧٨/١٢)، (گ.س: ؟)

ناوەرۆك:

پێشەکی وەرگێڕ/ پێشەکی لێکۆڵەر: بۆچی ئەم پەرتووکە هەتا ئێستا چاپ نەکراوە؟/ هەندێ ناونیشانی وەك: کورتەیەك لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی قازی مەلا عەبدوڵڵا شەیدا/ خاوەندارێتی دەگاشێخان و توتوندەر و بنەماڵەی مەردۆخیان/ جوگرافیای هەورامان/ هەورامانی تەخت/ ئایین و بڕواکان/ بەردی کۆمسایە/ تا گریناى/ زمان یان زاری هەورامی/ بیناسازی هەورامان/ پیشەسازییە دەستکردەکانی هەورامان/ هەرەوەزی و هاریکاری/ شارەزایی و پسپۆڕی/ شێوازی بەڕێوەبردنی هەورامان بە دەست ئەنجوومەن/ یارییە وەرزشی و تەماشاییەکانی هەورامان/ مێژووی ڕامیاریی هەورامان/ لە پەراوێزی شوێنەوارە کۆنەکانی هەورامان/ داهاتی باخەکان/ بەشی چوارەم[1]: سەبارەت بە چۆنێنیەتی بارودۆخی هەورامان و نەوەد و نۆ پیر.../ بەشی پێنجەم: سەبارەت بە سانەکانی هەورامان لە نەوەکانی بەهمەن هەتا لەناوچوونی ئەوان/ سەبارەت بە دەستەڵاتداریەتی بەهمەن کە یەکەمین فرمانڕەوای هەورامان بووە/ سەبارەت بە چۆنێتی بارودۆخی ئەمسر سەعید/ باسی بارودۆخی دەروێش ئەمیر محەممەدی مەردۆخی ئەسڵ/ باسی چۆنێتی دەستەڵاتداریەتی سلێمان بەگ/ بەشی شەشەم: باسی بارودۆخی عەباس قولی سان و دەسەڵاتەکەی... باسی ئەم کەسایەتییانە: محەممەد سان/ قاسم کوڕی عەباس قولی سان/ گەنج عەلی سان کوڕی بارام سان/ مستەفا سان کوڕی محەممەد سان/ عیسا سان/ جەمشید سان/ محەممەد یووسف سان/ بارام سان کوڕی گەنجعەلی سان/ خالید سان کوڕی بارام سان/ حەیدەر سان/ سەبارەت بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دادپەروەر/ باسی ئەم کەسایەتییانە: فەتح عەلی سان/ یووسف سان/ ئەسکەندەر سان/ هەندێ ناونیشانی وەك: باسی لەشکرکێشی ئەسکەندەر سان بۆ سەر خاکی لهۆن/ باسی ڕۆیشتنی ئەسکەندەر سان لەگەڵ لەشکرێکی فراواندا/ باسی کوژرانی

---

١- ئاماژەی بە بەشەکانی پێشتر نەکردووە؟

مەنووچەر سان بە پیلانی ئەسکەندەر سان/ سەبارەت بە دەسەڵاتی قادر سان کوڕی محەممەد عەلی بەگ/ باسی سەرکێشی محەممەد سان لەگەڵ حەیدەر ساندا و.../ باسی دەسەڵاتی قادر سان کوڕی غەفار بەگ و کوژرانی ئەو/ باسی دەسەڵاتداریّتی ئەحمەد سان کوڕی مەحموود بەگ/ باسی ئەمانوڵڵا بەگی وەکیّل و ڕەزا قولی خانی والی/ باسی لەشکر کۆکردنەوەی وەلی غولام شاخان/ باسی هەندێك کارەسات لە سەردەمی دەسەڵاتی حەسەن ساندا.../ باسی کۆچی دوایی غولام شاخانی والی و هاتنی شازادە/ باسی گەڕانەوەی فەرهاد میرزا لە بێلك بۆ شاری سنە/ سەبارەت بە بارودۆخی محەممەد سەعید سان.../ باسی هاتنی لەشکری بۆیك خان لە سیروانەوە بۆ نەوسوود/ باسی هاتنی عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولمولك بۆ سلێمانی/ باسی چۆنێتی هەورامان و ناوچەی لهۆن/ باسی بارودۆخی زۆرابە کەچەڵ واتا زۆراب ئاغا/ باسی دەسەڵاتی تەهماسوب میرزا لە کوردستان/ باسی دەسەڵاتی ئیقبالولمولك لە کوردستان/ باسی دەسەڵاتی خان زەفەرولمولك لە هەورامانی مەریوان و.../ باسی عەزیزخان و تالانکردنی وڵەژیر.../ باسی چۆنێتی بارودۆخی بەگزادە مەریوانییەکان/ باسی بارودۆخی بەگزادە هەورامییەکان لە شاری سنە/ شەجەرەنامەکان/ پێڕست.

**٣٧٤. مێژووی میافارقین و ئامەد**

نووسین: ئیبنولئەزەرقی فارقی

ساخکردنەوەی: د.بەدەوی عەبدولەتیف عەوەز

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: د.قادر محەممەد پشدەری و ئاکۆ بورهان محەممەد

لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

چـــاپ: یەكـــەم، چ: منـــارە، ش: هـــەولێر، ژس: ٢٧٤، س: ٢٠٠٧، ل:١٦٤، ق:١٦×٢٣[١]

ناوەرۆك:

نـــاوەرۆك/ پێشـــەكی ســـاخكەرەوە/ پێشـــەكی وەرگێـــڕ/ باســـی ســـەرەتای فەرمانڕەوایی كوردان لە میافاریقین/ باسی فەرمانڕەوایی بەرەبابی مەڕوان لە هـــەموو دیاربـــەكر/ باســـی خەلافـــەتی ئـــەبی عـــەباس قـــادر كـــوڕی ئیســـحاق موتتـــەقی/ باســـی ویلایـــەتی مـــیر نەســـرولدەولە ئـــەبو نەســـر ئەحمـــەد كـــوڕی مـــەڕوان/ باســـی فەرمانڕەوایـــەتی مـــیر نیزامـــەددین/ باســـی ویلایـــەتی مـــیر ناسرولدەولە مەنسوور.[٢]

### ٣٧٥. مێژووی كورد و كوردستان

نووسین: محەممەد مەردۆخی كوردستانی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەبدولكەریم محەممەد سەعید

لە بڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا

چـــاپ: دووەم[٣]، چ: هـــێمن، ش: ســـلێمانی، ژس: ٦٥٦، س: ٢٠٠٧، ل:٢٤٧، ق:١٧×٢٤[٤]

ناوەرۆك:

پێشـــەكی چـــاپی دووەم: توانـــا عەبدولكـــەریم/ پێشـــەكی: محەممـــەد ئـــەمین/ پێشەكی: كەیوان ئازاد ئەنوەر/ پێشەكی: وەرگێڕ/ سەرەتا: مـەردۆخ/ ناوچـە كوردنشـینەكان/ بەشـی یەكـەم: گـوزەرانی گشـتی/ پەیـدابوونی ئـادەمیزاد/ نـەژادی ئـادەمیزاد و بردنـی گـەل و هۆزەكـانی/ دەربـارەی ئـاری و تـیرە و

---

١- (ئنستیتیوت: ١٢/١٠٧٨)

٢- لەسەر بەرگی دواوە، ناوی كتێبەكە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

٣- كەمێك لەگەڵ چاپی یەكەمدا جیاوازە، بڕوانە كتێبی ژمارە ٧٣.

٤- (ئنستیتیوت: ١٢/١١٩١)

هۆزەکانی/ وشەی ئاری لە چییەوە هاتووە؟/ دەربارەی نەتەوە و هۆزەکانی ئاری/ بەشی دووەم: دەربارەی کورد و کوردستان/ پەیدابوونی کورد/ دەربارەی ڕابووردوی کورد/ کورد لە ٣٦٠٠- ٨٥٣پ ز/ کورد لە ساڵی ٥٥٠ پ ز/ تا سەرەتای هاتنی ئیسلام/ هاودەردی کورد و پارس/ دەربارەی نووسین و زمان و دین و خوو و ڕەوشتی کورد/ ئایین و خووڕەوشت/ دەربارەی کوردستان (ژمارەی دانیشتوانی هۆزەکانی کورد)/ ڕووبەری کوردستان/ هۆزە کوردەکانی بەشی ئارارات/ هۆزە کوردەکانی بەشی ڕۆژهەڵات/ هۆز و تیرە و لقەکانی کورد/ وڵاتی ماد/ سنووری وڵاتی ماد/ سەرنجێکی گشتی لە هەر سێ دەوڵەتی (کلدان- ئاشووری- عیلام)/ فەرمانڕەوایی ئاشوور/ لەناوچوونی دەوڵەتی بابل/ پێکهاتنی دەوڵەتی ماد/ دەربارەی فەرمانڕەوایانی ماد/ زانا و ئەدیبەکانی کوردستان/ سەرچاوەکان/ چەند وێنەیەك.

**٣٧٦. مێژوونامە لە ١-١-٢٠٠١ تاکو ١-٦-٢٠٠٦- بەرگی یەکەم**

نووسین: عەلی کەندی

چاپ: یەکەم، چ: و- پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٤٢: ٢٠٠٧، ل:٩١٧: ق:١٧×٢٤[١]

ناوەرۆك:

پێشەکی: د.مارف خەزنەدار/ دەسپێك: عەلی کەندی (لێرەدا نووسراوە: ئەوەی دەیخەمە بەر دەستتان کارێکی مێژوویی گرنگە لە مێژووی ڕووداوەکانی کورد و کوردستان و گەلانی جیهان لە ١-١-٢٠٠١ تاکو ١-٦-٢٠٠٦ بەپێی قۆناغە تێپەڕبووەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتن و گەشەکردن لە هەموو بوارە جیاجیاکانی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ڕامیاری و ئابووری و سەربازی و زمان و مێژوو و کەلتوور و دابونەریت و شوێنەوار و شارستانیەت....)/ لەدوای ئەمەوە بۆ هەموو ئەو ڕۆژانەی کە ڕووداو یان

---

١- (ئنستیتیوت: ١٣٠٧/١٢)، (گ.هـ: مێژوو ٣١١)

زانیارییان لەسەر هەیە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی نووسیوە و زانیارییەکانی دەرخستووە..../ سەرچاوەکان.[١]

**٣٧٧. مێژووی کوردستان**

نووسین: ئەکرەم جەمیل پاشا

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: فەیزوڵڵا برایم خان، بارزان وەهاب

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری– دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر

چاپ: سێیەم، چ: باریش، ش: دیاربەکر، ژس: [٢]؟، س: ٢٠٠٧، ل:١٧٦، ق:١٣×٢٠[٣]

ناوەرۆك:

